# دادگەری کۆمەڵایەتی و چاکسازی داریی لە دیدو بۆچونی ( شێخ موحەمەدی خاڵ ) دا

د. باقی کریم شریف
بەشی بنەماکانی ئایین / کۆلیجی زانستەئیسلامیەکان / زانکۆی سلێمانی
baqi.shareef@univsul.edu.iq

**بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٤/٩/١٥ بەرواری بڵاوکردنەوەی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٣/٩**

## پوختەی توێژینەوەکە

شێخ محمدی خاڵ وەکو زانا و شارەزا لە شەریعەتی ئیسلام و دادوەرێکی کارا، هەروەها وەکو یەکێك لە پێشەوا و شەیدایانی قوتابخانەی چاکسازی، کە پێشەوایان جەمالەددینی ئەفغانی و محمد عەبەبدە و محمد ڕەشید ڕەزا پێشڕەویان دەکرد لە وڵاتی میصر، لە پەڕتوکەکانیدا و وتار و نوسراوەکانیدا باسی لەو کێشە و گرفت و ئاستەنگانە کردووە، کە بەرەو ڕوی کۆمەڵگای مروڤایەتی بونەتەوە بە شێوەیەکی گشتی، وە بە تایبەت تر بەرەو ڕوی کۆمەڵگای کوردی بوەتەوە، وەك بەشێك لە کۆمەڵگای ئیسلامی.
یەکێك لەو کێشە ترسناك و کاولکارانەی کە یەخەی مروڤایەتی گرتووە لە سەردەمانی ڕابوردودا و ئێستادا، بریتییە لە نەبونی دادگەری کۆمەڵایەتی و گەندەڵی دارایی، کە لێکەوتەکانی و کاریگەریەکانی بڵابونەتەوە لە ناو کۆمەڵگادا، بەربوونە جەستە و قەوارەی کۆمەڵگا لە هەموو ڕویەکەوە.
شێخ موحەمەدی خاڵ یەکێکە لەو زانا دەگمەنانەی کورد هەستی بە ترسناکی گەندەڵی و نادادی کۆمەڵایەتی کردووە، هەر بۆیە لە پەڕاو و نوسراو و وتار و لێدوانەکانی دا باسی لە بەهاو گرنگی و دادوەری کۆمەڵایەتی کردووە، سەرەڕای باسکردنی لە هۆکارەکانی گەندەڵی داریی و لێکەوتەکانی" لەسەر تاك و کۆمەڵ، هەر وەك چۆن هەوڵی داوە ڕێگەکانی هێنانەدی دادوەری دیاری بکات.
ئەمە سەرەڕای دەست نیشانکردنی ئامرازەکانی چاکسازی و کونترۆڵکردن و بەرهەڵستکردنی گەندەڵی داریی.
توێژەر دەیەوێت لەم توێژینەویەدا تیشك بخاتە سەر ڕۆڵی یەکێك لە گەورە زانایانی کورد ـ شێخ موحەمەدی خاڵ ـــ لە بواری دادگەری کۆمەڵایەتی و بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی داریی، کە وەك پەندێکی عەرەبی دەڵێت: " انتشر کالنار فی الهشیم"، واتە: بڵابۆتەوە وەك بڵاوبونەوەی ئاگر لە پوش و پەڵاشدا .

**وشە سەرەکییەکان :** شێخ موحەمەدی خاڵ، ڕیفۆرم (ئیصلاح )، دادگەری، چاکسازی دارایی

## پێشەکی

هێنانەدی و جێگیرکردنی دادوەری کۆمەڵایەتی و چاکسازی دارایی، بە واتایەی کە هەموو کەسێك لە کۆمەڵگادا مافی خۆی بدرێتێ و ڕێز و شکۆمەندی و سەروەری پارێزراو بێت، خواست و ئامانجی هەموو کەس و کۆمەڵگایەکە، ئەمە سەرەڕای ئەوەکە مەبەستی هەموو ئایینەئاسمانیەکان هێنانەدی دادوەری و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بووە، هەر وەك چۆن دانانی یاسا و ڕێسا و سیستمەکان کە مروڤەکان دایاناوە لە هەموو سەردەمەکان بۆ هەمان مەبەست و ئامانج بووە .

ئەویش بەوە ئەبێ کە هەموو تاکێك لە کۆمەڵگادا پێویستیەکانی ژیانی بۆ فەراهەم و دابین بکرێت، دور لە ستەم و ناڕەوایی و جیاوازی چینایەتی، بە شێوەیەك کە کەمینەیەکی کۆمەڵگا لە ڕوی دەڵەمەندی و خۆشگوزەرانیەوە گەیشتبنە کەشکەشانی ئاسمان و لەو پەڕی ئارامی و دڵ ئاسودەیی و ئازادی و شکۆمەندی و سەروەری بژین، بەڵام زۆرینەی کۆمەڵگا ژیانیان مەمرەو مەژی بێت و بێ بەشکراوبن لە هەموو خۆشیەکانی ژیان، هەردەم لە ترس و بیم و نائارامی و دودڵیدا بژین، بە هۆی نەبوونی داد و ناڕەوایی لە دابەشکردنی سامان وڵات دا و نەڕەخساندنی هەلی کاری شیاو بۆ هەمووان.

بەداخەوە ئەمڕو زۆربەی وڵاتان و گەلانی جیهان لە تەنگەژەی نادادی و گەندەڵی داریی و ئابووری دا دەژین، ڕێژەیەکی کەم مرۆڤەکان لە جیهان دا وەك تیمساح ونەهەنگ بەربوونەتە گیانی ئەوانی تر، ئەیانەوێ بەتەواوی زۆرینە مەحروم بکەن، لە هەموو ناز و بەهرەو بەرهەمانەی کە خوادی گەورە بۆ مروڤی دروستکردووە لە کەوندا. لەبەرئەنجامی ئەو بارە ناهەموارەی کە گەلان و بەتایبەت گەلی کوردی پێدا تێپەڕ دەبێت و چەند هۆکارێکی تر کە ئاماژەیان پێ دەکەم بە گونجاو و پێویستم زانی کە لێکۆلینەوەکەمان بە ناونشانی " دادگەری کۆمەڵایەتی و چاکسازی داریی لە دیدو بۆچوونی ( شێخ موحەمەدی خاڵ دا ) بێت .

- هۆکارەکانی نووسین لە سەر ناونیشانی ناوبراو :

1. نەخوشی نادادی و گەندەڵی داریی و ئابووری بەربۆتە جەستە و گیانی گەل، بۆیە پێویستە کە هۆکارەکانی دیاری بکرێت و چارەسەری بۆ دابنرێت.
2. مامۆستا شێخ موحەمەدی خاڵ دوای مەلای گەورە دووهەم کەسی هەڵگری فیکری ریفۆرمی ئیسلامییە لە کوردستانی عێراق، هەروەها دووهەم کەسیشە کە لە کێشە فیکری و رۆشنبیری وکۆمەڵایەتی و ئابووری گەلی کورد دواوە، بە پێ ڕێباز و فیکری ئیسلامی، دور لە تەقلید و دەمارگیری مەزهەبی .

- ئامانجی بابەتەکە :

1. نرخاندن وخزمەتکردنی یەکێك لە گەورە زانایان و ڕوشنبیرانی و ئیصلاحخوازانی گەلی کورد، کە بە بیر و فیکرێکی ڕوشنبیرانە و ئازادانە و سەربەخۆ بیانە و پسپۆڕانە خامە و تەواوی زانست و زانیاریەکانی تەرخانکردبوو بۆ دیاری کردنی کێشەو گرفتەکانی گەلەکەی و چارەسەرکردنی .
2. بەشداری کردنی توێژەر لە خستنەڕوی کێشە و گرفتەسەریەکانی کۆمەڵگا و وڵاتەکەی، بە تایبەت کێشە دارایی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان، کە پسپۆری وردی توێژەرە.

***ناوەرۆکی بابەتەکە: لە سێ باس پێکهاتووە، بەم شێوەیە:**

-- **باسی یەکەم** : کەسایەتی و بواری چالاکییە زانستیەکانی شێخ موحەمەدی خاڵ.

- **باسی دووهەم :** ڕیفۆرمی ئیسلامی و شێخ موحەمەدی خاڵ.

- **باسی سێهەم** : دادگەری کۆمەڵایەتی وچاکسازی دارایی .

**باسی یەکەم**

**کەسایەتی و** بواری **چالاکییە زانستیەکانی شێخ موحەمەدی خاڵ**

لە باسی یەکەمدا کورتەیە دەربارەی کەسایەتی و چالاکییەزانستیەکانی مامۆستا شێخ مەحەمەدی خاڵ دەخەینە ڕو و باسکردن.

**تەوەرەی یەکەم**

**کەسایەتی مامۆستا شێخ موحەمەدی**

مامۆستا شێخ موحەمەدی خاڵ لە ساڵی ( 1904 )ی لە دایك بووە، کەسایەتیەکی ( مخضرم ) ناوزەند دەکرێت، چونکە لە سێ سەردەمی جیاواز دا ژیاوە، سەردەمی یەکەم سەردەمی خەلافەی عثمانی کە لە ساڵی ( 1909 )دا سوڵتان عبدول حەمید لابرد ، وە لە ساڵی ( 1924 ) م دا کمال ئەتاتورك بە تەواوی سیستەمی خەلافەتی هەڵوەشاندنەوە[1].

سەردەمی دووهەم سەردەمی پاشایەتی کە لە 23 ئابی ساڵی ( 1921 )ز دەست پێ دەکات، بە کردنی مەلیك فەیصڵ بە بادشای عێراق، وە لە 14 تەموزی ساڵی ( 158)ز لە ڕێگەی کودەتاوە کۆتایی پێ هێنرا[2].

سەردەمی سێهەم جمهوریەت و سەرۆکایەتیە کە لە ساڵی ( 1958 ) ز دەست پێ دەکات و، تا ئێستا درێژەی هەیە، لە گەڵ گۆڕینی سیستەمی سەرۆکایەتی بە سیستەمی پەرلەمانی [3].

لەگەڵ تێپەڕبوونی عێراق و دانیشتوانەکە بە سێ سەردەم و قۆناغی جیاواز لە فەرمانڕەوایەتی، کە هەریەکەیان کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی خۆی هەبووە، لە سەر تاك و کۆمەڵگەی عێراق.

ئەوەی کە بەڵگە نەویستە کەمن ئەو زانا وخوێندەوار و ڕۆشنیرانەی کە کسایەتی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئایینی خۆیان بزرنەکردبێ، یان لکەدار نەکردبێ، یان بە بێ ئامانجی ڕاستەقینە ژیانیان بە سەرنەبردبێ.

مامۆستا شێخ موحەمەدی خاڵ دیارترین و بەناوبانگترین ئەو زانایانەیە کە لە کوردستانی عێراق کسایەتی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئایینی پاراستووە، نەك هەر ئەوە بەڵکو بەوپەڕی هۆشیاریەوە بەرەوڕی دیاردە فیکری وڕەوشتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاسایی و ئابووری هەر سێ سەردەمەکە بۆتەوە.

ئەو کەسایەتیە ناوازەیی مامۆستا شێخ موحەمەدی ـ خوای گەورە لێ خوشبێ ـ کە بەڕایەستی جیاواز لە هاوچەرخ و هاوڕیانی، بەلای توێژەرەوە بۆ کۆمەڵێك تایبەتمەندی دەگەڕێتەوە، کە ئەمانەی خوارەوە گرنگترینیان :

1. بوونی پاشخانێکی پەروەردەیی و زانستی کە لە باپیر-- حاجی شێخ ئەمینی خاڵ ــ کە تا بڵێت پیاوێکی ناوداری خواناس و خواپەرست دونیا نەویستبووە کە ئینگلیز دێنە سولەیمانی مێجەر نوئیل حاکم ئینگلیز بووە لە سولەیمانی مانگی ( 200) ڕوپیەی بۆ دەبڕێتەوە کە بۆی دەبەن فڕی داوە و وەری ناگرێت، وتویەتی من لە خلافەتی سوڵتان عەبدول حەمید مانگانەم وەرنەگرتووە، ئێستا لە ئینگلیز مانگانە وەرگرم!! سەرەتای خوێندن و پەروەردەی لە قوتابخانەی باڵا و پڕ ئەدەب مەعریفەی ئەودا پەروەردە بووە لە سەر ڕاستگۆیی و دەستپاکی خواپەرستی و قەناعەت و دورکەتنەوە لە هەڵپەی دونیا[4]، بێگومان

---

(1) بگەڕێرەوە بۆ: الدولة العثمانية ـ عوامل النهوض والسقوط، لـ 495 ـ 507 .

(2) بگەڕێرەوە بۆ: لاپەڕەکانی فەرمانڕەوایەتی عێراق، لـ 12 ـ 23 .

(3) بگەڕێرەوە بۆ: لاپەڕەکانی فەرمانڕەوایەتی عێراق، لـ 23 ـ79 .

(4)بگەڕێرەوە بۆ: گوڤاری ڕۆڤار، ژ (29 ) ساڵی 2004، ل 3.

ئەمە فاکتەری سەری دروستبوونی ئە کەسایەتییە گەورەیە بووە.

2. بوونی بە پێشەوا ( ئیمام ) و وتاربێژ و وانەبێژ لە شوێنی باپیری بۆ ماوەی زیاتر لە ( 8 ) ساڵ، لە سەرتای گەنجیدا، لە ساڵی ( 1931 ) بۆ ساڵی ( 1939 )، هەروەها بوونی بە دادوەر ( قاضی ) بۆ ماوەی ( 28 ) لە ساڵی ( 1939 ) هەتا ساڵی ( 1967 )، کە بەهۆی هەر دووکیانەوە ئاگادار بوو لە کێشە وگرفتەکانی کۆمەڵگا [1].

3. سوود وەرگرتن و بەهرەمەندبوون لە فیکر و ڕێبازی قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی و ئاوێتەکردنی کلتوری نەتەوەیی و ڕچاوی تایبەتمەندی نەتەوەیی و باردۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری.

4. هاوسەنگی ڕاگرتن لە نێوان فیکری ئیسلامی و نیشتمان پەروەری دا، لە کاتێکدا کە خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی دابەش بوو بوون بەسەر دوو بەرەدا، بەرەیەکیان کە زۆربەی زانایان و خوێندەوار لە بواری ئاینیدا، دەستیان گرتبوو بە هەندێك لە توقوس و پەرستش بە شێوەیەکی کوێرانە و تەقلیدیانە و دەماگیرانە، هەموو فیکر و بیر و باوەڕێکی تر لایان، بێزراو ناپەسند بوو.

بەرەی دووهەم خوێندەوارە نوێکان لە بواری فیکری چەپڕەوی و عەلمانیەت کە ئەوەی پەیوەندی بە ئاینەوە بوایا، لایان دواکەتن و کۆنەپەرستی بوو، ئەمە واقیعی زۆربەی ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگا بوو، هەرلایەکیان بەرەهایی خۆی بەڕاست دەزانی، بەڵام شێخ موحەممەدی خاڵ بە تەواوی واتا هاوسەنگی ڕاگرتبوو لە نێوان فیکری ئیسلامی و نیشتمان پەروەری و فیکری نەتەوەیی، ئەوەی تەفسیر و پەرتوك و نوسراو و وتارەکانی بخوێنێتەوە ئەم ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت.

5. پاراستنی کەسایەتی و دووری لە حەرامخواردن و دونیا نەویستی، لەگەڵ ئەوەدا کە پێگە و پلە پایەی وەزیفی وئایینی مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ زۆر بەرزبووە لە نا وکۆمەڵدا، ئەگەر بیویستایە زۆر دەوڵەمەند و خۆشگوزەران دەژیا، بە نەویستووە.

لە ماوەی ( 28) ساڵ وەزیفەی دادوەری داك ە ماوەیەکی زۆرە هیچ جۆرلادانێکی لەسەر تۆمارنەکراوە، بەڵکو زۆر پەیوەست بووە بە شەریعەت و یاساوە، لە گەڵ ئەوە کە چەندەها جار لە لایەن کاربەدەستانی زۆر گەورە فشاریان خستۆتە سەر بۆ ئەوەی لابدات بەڵام بێ سوود بووە[2]، دەگێڕنەوە کە لە ساڵی ( 1979 ) دا صەددام حوسەین کە ئەو کات جێگری سەرۆکی دەوڵەت بووە سەیارەیکی سوپەری بدیاری بۆ دەنێرێت لە ڕێگە پارێزگاری ئەو سای سولەیمانی، کە ئەچن بۆ ماڵیان سڵاوی صەددام حوسەینی پێ دەگەیەنن و ئەڵێن: کە جەنابی صەددام ڕۆڵی ماموستای خاڵ بە تایبەتی لە کۆڕی زانیاری عێراقدا، ئەشزانێ سەیارەی نیە واهاتووین بۆ لاتان کە دیارییەکیی جێگری سەرۆك قبوڵ بکەیت.

شێخی خاڵیش سووپاسیان ئەکات و ئەڵێت: لە ڕاستیدا پێویستم بە سەیارە نیە، چونکە زۆربەی کات لە ماڵەوەم و بە نووسین و خویندنەوەوە سەرقاڵم، مانگی جارێکیش ئەچم بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەکانی کۆڕی زانیاری عێراقدا، ئەویش سەیارەی خزمانم زۆرن لە گەڵیاندا بڕۆم، بۆیە پێویستم بە سەیارە نیە، ئەوانیش دوو پاتی دەکەنەوە کە ئەبێ سەرەکە وەرگرێت، وەڵامیاندا فەرمویەتی وەزعم باشە، ئەگەر پێویستم بە سەیارە بوایە ئەمتوانی بیکڕم .. بیدەن بە کەسێکی تری موستەحەق، بۆ جاری دووهەم ئەچنەوە بۆ لای تکای لێ دەکەن کە وەرگرێ" پێی ئەڵێن تا ئێستا کەس نەبووە لە عێراقدا دیاری جێگری سەرۆك وەرنەگرێت، بۆیە تکای لێ ددئەکەن کە کێشە بۆ خۆی و ئەوانیش دروست نەکات.

مامۆستای خاڵیش ئەڵێت: وابزانم کێشەکە هەر هی منە نەك ئێوە، منیش خۆم ئامادەم بۆ تەحەمولی، دواتر صەددام حوسەین سەردانی سولەیمانی ئەکا و ئەپرسێت: ئایا شێخ موحەممەدی خاڵ سەرەکەی وەرگرت، ئەوانیش لە ترسا ئەڵێن بەڵێ قوربان، بۆ سبەینێ ئەچن بۆ خزمەتی و کلیل و ساڵانەکەی لە سەر مێزەکەی بۆ دادەنێن و ئەڵێن: ئیتر لەمە زیاتر لە وزەی ئێمەدا نەماوە، ئەتوانی خۆت کلیل و ساڵانەی سەیارە بینێریتەوە بۆی و بڵێی سەیارەکەم ناوێ، نا چار شێخی خاڵ وەرئەگرێت[3].

لەوەش زیاتر لە سەرەتای هەشتاکاندا لیژنەیە لە بەغدادەوە دێن کە بریتی بوون بەڕێوەبەری کتێبخانەی صەددام ــ دەستنووسەکان و بەڕێوەبەری گشتی لە دیوانی وەزارەتی ڕاگەیاندن و بە هاوڕێیەتی بەڕێوەبەری موزەخانەی سولەیمانی بۆ ئەوەی دەستنووسەکانی لێ بکڕن کە ( 636 ) دەستنووس بووە، بری (40 ) هەزاردیناری ئەکاتە دەدەنێ، بەڵام پێیان نافرۆشێت، فەرمویەتی موڵکی ئەونین، موڵکی میللەتی کوردە[4].

6. ژیاوە بۆ بەرژەوەندی گشتی میللەتەکەی و خەباتی کردووە بۆ ماف و خواستە سەرەکییەکانی مرۆڤ بە گشتی، بەتایبەت مرۆڤی کورد، وەك: مافی فێربوون خوێندن، سەربەخۆیی، ئازادی، سەروریی، خوشگوزەرانی، ئەمن و ئاسایش، دادگەری کۆمەڵایەتی..

هەر وەك چۆن هاوتەریب کۆشیووە دژی ئەو ئاکار و ڕەفتارانەی کە شیرازەی خێزان و کۆمەڵگاو دەوڵەتان لە بن دەهێنن،

(1) بگەڕێرەوە بۆ: ناڵەی دەروون، 2/ 439 .

(1)بطةري َرةوة بو َ : نال َةي دةروون، بـ2، ل 439 .

(2)بگەڕێرەوە بۆ: گۆڤاری ڕۆڤار، ژ (29 ) ساڵی 2004، ل4.

(3)بگەڕێرەوە بۆ: گۆڤاری ڕۆڤار، ژ (29 ) ساڵی 2004، ل 6.

(4)بگەڕێرەوە بۆ: گۆڤاری ڕۆڤار، ژ (29 ) ساڵی 2004، ل 7.

وەك: نەزانی و نەخوێندەواری، دووبەرەکی، چینایەتی، خودسەری و خۆپەرستی، دەمارگیری، خیانەت و ناپاکی... ، بە شێوەیەك کە کارکردن لە سەر ئەم بابەتانەی بەسکرا و جگە لەوانیش کە بەرژەوەندیەکی مرۆڤی تیا بەرجەستە بوو بێ، یان زەرەر و زیانێك لە مرۆڤەکان دوور بخاتەوە، تەوەرەو خولگە و ئامانجی هەموو بەرهەم و چالاکییەکانی بوون، بۆیە بە پێویستی نازانم هەندێك لە وتەکانی سەبارەت بەو بابەتانە باس بکەم.

7. دوری لە تەقلیدی کوێرانە و ئیلتزام بە کۆدەنگی زانایان و گرێدانی زانستەشەرعییەکان بە زانستەمرۆییەکانی سەردەمەوە، یەکێکە لە خصڵەتەکانی مامۆستا شێخ موحەمەدی خاڵ، لە کاتێکدا کە شەوەزەنگی و نەزانی و کاڵفامی و لە یەك نەگەیشتن باڵی کێشابوو بە سەر زۆرینەی دانیشتوانی کوردستان بە خویندەوار و نەخوێندەواریەوە.

ئەم چەند خاڵە مشتێك بوو لە خەروارێك لە کەسایەتی مامۆستا شێخ موحەمەدی خاڵ.

**تەوەرەی دوەهەم**

**کاروچالاکیەکانی لە بواری زانست و چاکسازیدا**

کار و چالاکیە زانستیەکانی شیخ موحەمەدی خاڵ جۆراو جۆر و فرەرەهەند و فرە ئامانجن، بەڵام ئەتوانین لە ڕونگەی نوسین و بەرهەمە زانستەکانیەوە دەتوانین دابەشی بکەین بە سەر ئەم بوارانەدا:

**یەکەم. بواری بڵاوکردنەوە زانستی شەرعی و ڕوشنبیری ئایینی:** ئەوکەسەی لێکوڵینەوەو خوێندنەوەیەکی سەرتایی وسەرپێیش بکات، بۆی دەردەکەوێت کە شیخ محمدی خاڵ هەر لە سەرتای ژیانیەوە بە شیکی زۆری توانای زانستی و لێهاتوی و کاتەکانی بۆ خزمەتی ئاینی ئیسلام و گەیاندنی پەیامەکانی بە میللەتەکەی تەخانکردووە، بۆ هێنانەدی و بەرجەستە کردنی ئەم مەبەستەگەورەیە، لە ساڵی (1932) دا تەفسیری سورەتی فاتیحەی کردووە، کە تێگەیشتن لێی پێویستی سەرشانی هەرتاکێکی موسوڵمانە، وە لە ساڵی ( 1937 ) دا ( مولودنامەی ئەسەر ) نوسیوە، هەر بەدوای ئەودا ( فەلسەفەی ئایینی ئیسلام ) ی نوسیوە، وە لە کارە گەورەو نایەبەکانیەتی لەم بواردا تەفسیرکردن و وەرگێرانی قورئانی پیرۆزە بە شێوەیەکی زۆر نایەب و ناوازە بۆ زمانی کوردی، کە لە مێژووی و بەرواری جیاوازدا حەوت جزئی ( 1، 2، 3 ) لە سەرەتاوە، وە جزئی ( 30، 29، 28، 27 ) لە کۆتاییەوە، لە ساڵی ( 1969 ) دا تەفسیری خاڵ، جزئی یەکەمی قورئان خستۆتە بەردەستی خوێنەری کوردزمان[1]، بەڵام داخەکەم ئەوەی جێگەی ئەسەفە بارودۆخ و تەمەن و باری تەندروستی هاوکاری نەبوون، کە ئەو شاکارە پڕ شکۆ و لە زانیاری و چارەسەر بۆ کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگا تەواو بکات .

ئەوەی کە بڕێز مامۆستا شێخ موحەمەدی خاڵ پێشکەشی میللەتەکەی لە بواری رۆشنبیری ئایینی دا ، لە ڕێگەی تەفسیری قورئانی پیرۆزەوە، کە یەکەم سەرچاوەی ئیسلامە، دەستپێکردنی بە لێکدانەوەو تەفسیری سورەتی ( الفاتحە )، کە پوختەی قورئان و مەرجی دروستبوونی یەکەم پایەی ئیسلامە – نوێژ-، بە تایبەت کە لە 1932 دا نوسیویەتی، لە تەمنی بیست وهەشت ساڵیدا، بەراستی بەڵگەیە لەسەر گەورەیی و مەزنی و زانایی ودانایی و هۆشیاری شێخ موحەمەدی خاڵ.

**دووەهەم. بواری رۆشنبیری و کلتور و فەرهەنگ و یاسا و ڕێساکانی زمان** : وەك دەوترێت پێناسە و هەوییەی هەر گەلێکی زیندو بریتییە لە کلتور و فەرهەنگ و سامانی مەعریفی و رۆشنبیرییە کەی، هەر بۆیە خوا لێخۆشبوو دووەم بوار کە تواناو جوهدی خۆی و بەشێك لە تەمەن وکاتی پیرۆزی لە پێناودا بە خەرجداوەو بەخشیووە، بواری رۆشنبیری و کلتور و فەرهەنگ بووە.

بۆ هێنانەدی و بەرجەستە کردنی ئەم مەبەستەش هەندێك پەرتوکی نوسیووە، کە بابەتەکانی بنچینە و هێڵی سەرەکی ئەم بوارەن، کە ئەمانەن :

1. پەندی پێشینان بەرگی یەکەم ، لە ساڵی 1957 دا چاپ کراوە.
2. رێزمانی کوردی، لە ساڵی 1960 دا چاپ کراوە.
3. پێشگرو پاشگر، لە ساڵی 1973 دا چاپ کراوە.
4. ژیانی : موفتی زهاوی، لە ساڵی 1953 دا چاپ کراوە.
5. باباتاهیری هەمدانی، ، لە ساڵی 1977 دا چاپ کراوە.
6. مەلا محمدی خاکی، لە ساڵی 1978 دا چاپ کراوە [2].

**سێهەم. بواری دادگەری کۆمەڵایەتی چاکسازی داریی** : یەکێکی تر لەو بوارانەی کە شێخ موحومەدی خاڵ توانا زانستی و مەعریفیەکانی بۆ تەرخانکردووە بواری دادگەری کۆمەڵایەتی چاکسازی دارییە، کە دیارە زۆر بەبەستی بووەو بە پێویستی زانیوە کە دەبێت کێشەکۆمەڵایەتیەکان لە بنەڕەتدا چارەسەر بکرێن، وەك کێشەی: ( نەخویندەواری، نەبونی هەستی نەتەوایەتی ڕاستەقینە، جیاوازی چینایەتی وناعەدالەتی، کیشەکانی پەیوەست بە ئافرەتەوە، هەروەها کێشە بێکاری و هەژاری... )، هەر بۆیە بابەتەکانی دوو بەرگی ( ناڵەی دەروون ) و وتارەکانی کە لە بۆنە جیاوازەکاندا وتویەتی بۆ ئەم بوارە تەرخانکردووە، ئەمە سەرەڕای ئەوە کە ئەتوانرێت بوترێت کە نوسینەکانی دوو بوارەکەی تریش هەر بۆ خزمەتکردن و بەرەو پێشبردنی بواری کۆمەڵایەتی بە پلەی یەکەم و بواری سیاسی و ئابوری کۆمەڵگاکەی بووە .

**باسی دووەهەم**

**ریفۆرمی ئیسلامی و شێخ موحەمەدی خاڵ**

(1) بگەڕێرەوە بۆ: ناڵەی دەروون، 2/ 440.

(2)بگەڕێرەوە بۆ: ناڵەی دەروون، 2/ 440.

لە باسی دووهەمدا هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر هۆكار و ئامانجی ریفۆرمی ئیسلامی لە وڵاتە ئیسلامیەکان، بە تایبەت قوتابخانەی ئیصلاحی ئیسلامی لە مصر لە چەند تەوەرێکدا.

**تەوەرەی یەکەم**

**هۆکارەکانی سەر هەڵدانی ریفۆرمی ئیسلامی**

دیارە هۆکاری سەر هەڵدانی ریفۆرمی ئیسلامی زۆرن لە چەند خاڵێك دا تیشك دەخەینە سەر هۆكار سەرەکیەکان :

**یەکەم . سوروشتی ژیان** : فاکتەری سەرەکی بۆ سەر هەڵدان و دەرکەوتنی هەر هەوڵێکی چاکسازی بریتی یە لە سوروشتی ژیان، کە هەردەم لە گۆڕانکاری و بەرەو پێش چووندایە، بە شێوەیەك کە هەموو سەردەمێك پێویستی ئەعقڵیەت و ئیجتیهاداتی و ئالیەتی نوێ هەیە لە لایەن زاناو داناو بیرمەندانەوە، ئەگەرنا موستەحیلە بتوانرێت کە مامەڵەی دروست و لە شوێنی خۆیدا بکرێت، لە گەڵ ئەو پێشهات و گۆڕانکاریانەی کە لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا: فکری، کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی، ئابووری، رامیاری... هتد، روودەدات، هەر لە بەر ئەمەشە کە سەروەرمان پێغەمبەر- درودی خوای لە سەربێ دەفەرموێت: «« **إِنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ لِهَذِهِ الْأُمَّةِ عَلَى رَأْسِ كُلِّ مِائَةِ سَنَةٍ مَنْ يُجَدِّدُ لَهَا دِينَهَا** »[1]، واتە: بێگومان خودای گەورە لە سەری هەر سەد ساڵیکدا کەسێك ( یان کەسانێك ) دەنێرێت بۆ ئەم ئوممەتی ( ئیسلام ) کە ئایینەکەی بۆ نوێ بکاتەوە.

پێشەوایانی ریفۆرمی ئیسلامی چاك لەم راستیەگەشتبون و لایان رون و ئاشکرابوو کە ئوممەتی ئیسلامی ئەستەمە بتوانێت کێبرکێ و شانشانین بکات، لە گەڵ ئەوگۆڕانکاریە خەراو هەمە جۆرانەی ژیانی هاوچەرخی مرۆڤایەتی بکات، بە بێ بوونی ریفۆرم و چاکسازی ریشەیی و هەمەلایەن.

شێخ محمدی خاڵ دەربارەی گشتگیری ئیسلام و قابلیەت وگونجاوی بۆ هەموو سەردەمێك، هەروەها نوێکردنەوەی لە لایەن ریفۆرمخوازان و نوێکار ( مجدد ) و ( موجتەهدین )ەوە، لە یەکێك لە گوتارەکانی بە بۆنەی کۆچی پێغەمبەر ( درودی خوای لە سەربێ ) دەفەرموێت: " پێغەمبەر ( درودی خوای لە سەربێ ) دینێکی عالەمی و یاسا و شەریعەتێکی ئیسلامی و حکومەتێکی دامەزراند لە عەرەبستانا، کە ئەمانە هەر یەکێکیان موعجیزەیەکە بۆ خۆی...، خوایە تاقە چرایەك کە لە هەموو دونیادا مابێتەوە، چرای ئیسلامە و نوری قورئانە، خوایە ئەم چرایە ئەگەر خوانەخواستە بکوژێتەوە، دونیا ئەبێ بە تارکستان...، خوایە ( مجدد )ێك بنێرە بۆ دینەکەی خۆت کە تازەی کاتەوە " [2] .

دووهەم . سوروشتی ئیسلام : ئیسلام کە سروشتی وایە پەیام و بەرنامەیەکی گشتگیرە، بە شێوەیەك کە باس لە هەموو کایەکان و روەکانی ژیان دەکات، ئیتر بواری بیروباوەر و رۆشنبیری و فێرکردن بێت، یان بواری پەرستش و رەوشت بێ، یان بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و رامیاری بێ، هەر بوارێکی تری ژیان، کە چەندەها ئایەتی قورئانی پیرۆز ئەم راستیە دەخەتە رو و باس دەکات، وەك دەفەرموێت : ﴿ **وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ** ﴾، النحل: 89.

ئەم گشتگیریەش ئەو راستیە دەسەلمێنێ ئیسلام چارەسەری ریشەیی تێدایە بۆ هەر کێشەو گرفتێك کە بەرەو روی ژیانی مروڤایەتی دەبێتەوە، لە هەر رویەکی ژیانەوە بێت و لە هەر کوێیەك و سەردەمێکدا بێت.

زانایانی لە قوتابخانەی ریفۆرمی ئیسلامی چاك لەم راستیە گەیشتبون، بۆیە ئەرکی ریفۆرمی ئیسلامی و چارەسەری بۆ ئەو کێشەو گرفت و ئاستەنگانەی نوێیانەی کە بەرەو روی ژیانی مرۆڤایەتی دەبنەوە بە ئەرکی هەنوکەیی و سەردەمیانەی خۆیانیان زانیووە.

شێخ موحەممەدی خاڵ دەر بارەی گشتگیری ئیسلام و چارەسەری بۆ هەموو کایە وکێشەکانی ژیان، دە فەرموێت: " ئیسلام جوانترین و تەواوترینی هەموو ئایینێکە، وە قورئان قانونێکی ئەساسیە بۆ سەعادەت و خۆشی دین و دونیای ئادەمیزاد، رێی سەربەستی ( حرية ) و داد ( عدالة ) و یەکسانی ( مساواة ) پیشان ئەدا، رێی سەرکەوتن و پێشکەوتن و بەرزبونەوەو ئازادی و سەربەرزی ئاشکرا ئەکا، رێی کردو کۆشی و هیوا و نەبەردی و ئیش کردن ئەکاتەوە، رێی کشتوکاڵ و پیشە ( صنعت ) و کەسابەت و تیجارەت و زەراعەت رووناك ئەکاتەوە، رێی یەکێتی و یەککەوتن ( اتحاد واتفاق ) و یارمەتی و دەستگرتن و برایەتی نمایان ئەکا" [3].

**سێهەم.لاوازی فەرمانڕوایی دەوڵەتی عثمان** : دەوڵەتی عثمان لە گەڵ ئەوەدا کەرەمز و خاڵی یەکگرتووی و هێزی موسوڵمانان بوو، بەڵام جێگەی داخ و ئەسفە کە لاوازی و بێ توانایی سەری کردبووە جەرگی و دایخوراندبوو، بەهۆی گوینەدانی بەجێ بەجێ کردنی ئەحکام و یاساکانی شەریعەت و نەبوونی دادوەری و مامەڵی یەکسانانە، کە ئیسلام دەوێت لە پێشەواو کاربەدەستانی کۆمەڵگای ئیسلامی، سەری کێشە بۆ ئەوە کە دوژمن و نەیارە دەرەکیەکانی ( خارجی ) دەوڵەتی عپمانی، وەك: ئەورووپیەکان وسەفەویەکان هەوڵ و هێرشە سەربازیە یەك لە دوای یەکەکانیان چڕترو خستر بکەنەوە، ئەمە لە لایەنی دەرەکیەوە.

لە هەمانکاتدا لە ناوەوەش ( لەداخلەوە) جێ بە جێ نەکردنی ئەحکام و یاساکانی شەریعەت و نەبوونی دادوەری و یەکسانی سەری کێشا بۆ سەرهەڵدانی چەندەها دیاردەی روخێنەر و ترسناك و دزێو، وەك: ژیانی چارەرەشەنەو مەمرەو بژی بۆ زۆربەی هاونیشتمانی دەولەت، دەرکەتنی دیاردەی دەستدرێژی کردنە سەر سامان و رێزو حورمەتی هاوڵاتیان، لاوازی ئینتیما و ( ولاء ) ، سەرهەڵدانی فیتنەو ئاژاوەو جەنگی ناوخۆیی، بڵابونەوە شیرك وخوڕافات و بیدعە، تەقلید و داخستنی درگاکانی ئیجتیهاد، نەبوونی

---

(1) أخرجه الحاكم في: المستدرك على الصحيحين، رقم الحديث ( 8592 )، و أبوداود في سننه، رقم الحديث ( 4291)، والطبراني في: المعجم الأوسط، رقم الحديث ( 6527 ).

(2)بگەڕێرەوە بۆ: ناڵەی دەروون، 2/ 354، 355.

(3) تەفسیری خاڵ، 728/2 .

پێشەنگی ڕاست و دادوەر وخاوەن زانست لە بوارەکانی: زانست، پەروەردە، کۆمەڵایەتی، سیاسی، عەسکەری...هتد [1].
بێگومان ئەو دیاردەو نەخۆشیە کوشندانەی کە باسمان کرد، هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ئەوە کە خەمخۆران و دڵسۆزانی ئیسلام و گەلانی موسوڵمان هەوڵی ریفۆرمی ئیسلامی ریشەیی بدەن.
**چوارەم. لاوازی دام ودەستگا فەرمیە ئاینیەکان** : یەکێکی تر لە فاکتەر و هۆکارارەکانی سەرهەڵدانی ڕیفۆرمی ئیسلامی بریتی بوو لەو چەقبەستوویيە فیکری و مەعریفی و زانستییەی کە دەستەو یەخەی دام ودەستگا فەرمیە ئاینیەکان بوو بووە، بە تایبەت ( ئەزهر ) لە وڵاتی مصر.
**پێنجەم . ئاستەنگە دەرەکیەکان** : یەکێکی تر لە فاکتەرەکانی ڕیفۆرمی ئیسلامی ئەوە بوو کە وڵاتی ئیسلامی لە نیوەی کوتایی سەدە هەژدە هەم و سەرتای سەدەی نۆزدە بەرەو ڕوی کۆمەڵێك ئاستنگ ( تحديات ) بۆتەوە، کە زۆر جیاواز بوون لە ئاستەنگ و گرفتەکانی پێشوتری وڵاتی ئیسلامی، کە ترستاکتریان ئەمانەن: داگیرکردنی کردەیی بەشێك لە جوگرافیا و زەوی وزاری وڵاتانی ئیسلامی لە لایەن دەوڵەتانی ئەروپی ئەوسا، شەپول و هەوڵی ( تبشير )ی کە نیراو مەسیحی ئەورووپی و ئەمریکی پێی هەڵدەستان، بڵابونەوەی ئەفکار و بیروباوەری فەلسەفی مادی و عەلمانی، هەوڵ و کۆششکردن بۆ زاڵکردنی بیرو بۆچونی بە غەربی کردنی هۆکارەکانی ژیان، هەروەها دارشتنەوەی پەیرەو پرۆگرامی خویندن و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە شێوازی غەرب و دور لە سیستمی ئیسلامی [2] ...، کە بێگومان کە پێویستیان بە چارەسەر و مامەڵەی دروست و واقیعیانە بوو، بە پێی بنەما گشتیەکانی ئیسلام .
شەشەم . دورکەوتنەوە خەڵکی لە تەعلیمات یاسا و بنەماکانی ئیسلام و پابەندنەبونیان پێوەیان: بەلای ریفۆرم خوازانی ئیسلامی دانیشتوان و گەلانی وڵاتی ئیسلامی ئەگەر لە ڕوانگەی چەمکەکانی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر- درودی خوای لەسەربێ- سەیر بکرێن و هەڵبسەنگێنرێت ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرینەی هاوڵاتیانی وڵاتی دابەش دەبن بەسەر: یەکەم زۆرینەکی بێئاگاو دور لە یاسا و بنەماکانی ئیسلام بۆ ژیان، بگرە لەوەش زیاتر ئەم زۆرینەیە لاسایی کردنەوە ( تقليد ) و شوێنکەتنی خورافیاتی و بیدعە و بۆتە یاسا و رێسای ژیانیان، بە بێ سود وەرگرتنی راستەقینە لە عەقڵ و زانست.
دوهەم بەشێکی تر خەڵك ئەوانەن کە بارگاوی بوون بە غەربەوە و ئەفکاری مادیەوە، وادەبینن کە ژیان بەو شێوەیە پێشکەتووە و پێش دەکەوێت لە هەموو ڕو وبوارێکدا: لە بواری کۆمەڵایەتی، ئابووری، رامیاری و یاسایی، بە تایبەت بواری زانستی و پیشەسازی... مروڤەکان پێویستان بە ئاراستە و تەعالیم و یاسا و ڕێساکانی ئیسلام نەماوە، ئەمەش لە بەر ئەنجامی بەراوردکردنی ئیسلام بەو ئایینە دەستێوەردراوانەی کە لە وڵاتانی ئەرووپا بوونیان هەبووە و لە لایەن پیاوانی ئایینیەوە و فەرمانرەوایان و پاشاکانەوە کرابونە ئامراز و هۆکاری خۆ دەڵەمەندکردن و چەوسانەوە و ستەمکردن.
ئەمانە گرینگترین ئەو هۆکار و فاکتەرەنە بوون کە خوازەری ڕیفۆرمی ئیسلامی بوون لە زۆربەی وڵاتی ئیسلامیدا، لە لایەن پێشەوایان بیرمەندان و خەمخۆرانەوە.

**تەوەرەی دووهەم**

**ئامانجەکانی ڕیفۆرمی ئیسلامی**

هەڵبەتە کە هەڵگرانی ڕیفۆرمی ئیسلامی خەبات و تێکۆشانیان دەکرد بێ وچان بۆ هێنانەدی کۆمەڵێك ئامانج و مەبەستی سەرەکی، کە لەم تەوەریەدا تیشك دەخەینە سەر گرنگترینیان، کە دەکرێت لە خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:
**یەکەم . بانگەوازکردن بۆگەڕانەوەی خەڵك بۆ ئیسلام، بە مەبەستی گێرانەوە سەروەری و دەسەڵات بۆ یاسا و ئەحکامەکانی** [3]: پێشەوایان وهەڵگرانی ڕیفۆرمی ئیسلامی بڕوای تەواویان بەوە بوو کە ئەو کێشەو گرفت و ئاستەنگانە زانستی و فکری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و عەسکەری...، کە بەرەو ڕوی گەلان و کۆمەڵگا و وڵاتانی ئیسلامی بۆتەوە، هۆکاری سەرەکی تێنەگەشتن و ئیلتیزام نەبوونە بە بەرنامە و ڕێبازی خواوە – ئیسلام-، ئەمەش بە پێی هەر دو سەرچاوە سەریەکیەکەی قورئان و فەرمووده وئاکارەکانی پێغەمبەری ـ خودا درودی خوای لەسەر بێ.
هەر بۆیە یەکەم ئامانجیان بانگەوازکردن و کارکردن بووە بۆ گێرانەوەوی کۆمەڵگای ئیسلامی لە سەر ئاستی تاك و کۆمەڵ و کیانی سیاسی بۆ ئەو دو سەرچاوەیە و هەڵگوستنی چارەسەر بێگەرد و ڕاست ودروست لێیان، بۆ گرفت و کێشەو ئاستەنگانەی کە دەستەو یەخەی کۆمەڵگەی ئیسلامی بۆتەوە، هەروەها بۆ تێپەڕاندنی ئەو بارە ناهەموارەی کە دەستەو یەخەیان بۆتەوە.
**دووهەم . خۆ دەرباز کردن لە ڕەگەزپەرستی مەزهەبی و لاسایی کردنەوەی کوێرانە** : یەکێکی تر لەو ئامانجانەی کە پێشەوایانی ڕیفۆرمی ئیسلامی کە زۆر جەخت و کاریان لە سەر کردووە، دەربازبوون و ئازاد بوونە لە دەردی کوشندەی ڕەگەزستپەرستی مەزهەبی و لاسایی کردنەوەی کوێرانە بڵا بوو بویەوە لە ناو گەلانی موسوڵماندا و پارچە پارچە و کەرت کەرتی کردبون و یەکیەتی و یەکگرتووی نەهێشتبوون.
ڕەگەزپەرستی مەزهەبی بە شێوەیەك پەرەی سەندبو کە لە زۆر شوێندا شوێن کەوتەی مەزهەبێك ئامادە نەبوو نوێژ بکات لە دوای شوێن کەوتەی مەزهەبێکی تر، یان ئامادە نەبوون ژن و ژنخوازی لە گەڵ یەکدا بکەن، ئەمەش سەرای ئەوە کە کاریگەری نەرێنی زۆر خراپی هەبوو لە سەر تەبایی و خۆشەویستی ویەکیەتی و یەکگرتووی گەلانی وڵاتی ئیسلامی، دو لێکەوتەی زۆر خراپ

(1)بگەڕێرەوە بۆ : الدولة العثمانيةـ عوامل النهوض والسقوط، ل530
(2)بگەڕێرەوە بۆ: الملامح العامة للفكر السياسي الإسلامي في التاريخ المعاصر، ل 13،11.
(3) بگەڕێرەوە بۆ: تفسير المنار، 12/1 .

و ماڵوێرانەی هەبوو: یەکەمیان ئەبوو کە ناحەز ودوژمنانی ئیسلام ئەم ڕەگەزپەرستیە مەزهەبیەیان دەکرد ئامرازی ئاژاوەو فیتنە، لە هەندێك شوێن وکات دروستکردنی جەنگ وشەڕ لە نێوان شوێنکەتانی مەزهەبە جیاوازەکان.

دوهەمیان ڕەگەزپەرستی مەزهەبی واتە: خۆ قەتیس کردن بە ڕاو بۆ چونی یەك مەزهەبەوە، واتە چەقبەستووی فکری، سود وەرنەگرتن لە ڕاو بۆ چوونی جیاواز، ئەمەش یانی تیرورکردنی دوو بنەمای سەرکی کە ئیسلام دایناون بۆ بەڕیوەبردن و پرۆسەی پێشەوایەتی لەو کۆمەڵگا و وڵاتانەی ئیسلام فەرمانڕوایەتی دەکات، کە ئەوانیش بریتین لە ( مبدأ الاجتهاد، الشورى ).

هەر بۆ دەربازکردنی ئوممەتی ئیسلامی لە دەردی کوشندەی ڕەگەزپەرستی مەزهەبی و لاسایی کردنەوەی کوێرانە، کە بۆتە هۆی پارچە پارچە بوونی گەلانی موسولمان و ڕاماڵەری یەکیەتی ئیسلامی، هەروەها دواکەتنیان لە روی زانستی و رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و ئابووری، محمد رەشید ڕەزا کە یەکێکە لە دیارترین پێشەوایانی ڕیفۆرمی ئیسلامی لە میصر پەڕاویکی دانا بە ناونیشانی ( محاورات- المصلح والمقلد )، کە تێدا بە دور ودرێژی بە شێوەی گوفت وگۆ، باس لە گرنگی وپێویستی ئیجتیهاد و تازەگەری لە ئایین دا کردووە، هاوتەریب باس لە سەلبیات وکارگەری خراپی لاسایی کردنەوە شوێنکەوتنی کوێرانە ( تەقلید ) کردووە، تێدا دەفەرموێت: " لاسایکار ( مقلد ) هەردەم دەسدرێژی دەکات نوری فیطرەتی خوایی، کە لە داخوازیەکانیەتی: تێرامان، بیرکردنەوە، بەڵگەهێنانەوە " [1]، هەروەها لە تەفسیرەکەیدا ( المنار ) بۆچونی وایە کە تەقلید بووە هۆی ئەوە کە فەرمانڕەوایانی وڵاتی ئیسلامی پەنا بەرنە بەر یاسا و ڕێساکانی غەرب بۆ بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی ئەو کێشە وگرفتانەی بەرەو ڕوویاندەبوووەوە [2].

**سێهەم. ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان یاساکانی ئیسلام و بیردۆزە نوێکان دەربارەی کایەکانی ژیان:** یەکێك تر لە ئامانجەکانی پێشەواکانی ڕیفۆرمخوازانی ئیسلامی ڕاگرتنی هاوسەنگیە لە نێوان یاساکانی ئیسلام و بیردۆزە نوێکان دەربارەی کایەکانی ژیان.

هەر لە میانەی گرێدانی زانست و زانیاری بە پەیامی ئیمانی و ڕەوشتی و چاکسازی کۆمەڵایەتی، ماموستا شێخ موحەمەدی خاڵ وەك دیارترین هەڵگرانی فیکری ئیصلاحی دوای باسکردنی بەرهەمەکانی زانست و کاریگەریەکانی لە ژیانی مروڤایەتی دەفەرموێت " پێویستە بزانین کە مەبەست لە پێشەوا و خوێندەوار ئەو زانا بەرزانەن کە زانین و خوێندەواریان وەك ڕۆژ دەرخشان و وەك مانگ پەخشان بێت، وە لەگەڵ هەڵات لە ئاسۆی ژیری بیری بەرزی ئەو زانایانەوە، بە جارێك مێشك و دڵ و دەرونی گەلەکەمان ڕووناك بکاتەوە بە ڕەنگێکی وا کە هەموو لایەکیان چاکی و سوود و زیانی دین یا دونیای بۆ ڕووناك بکاتەوە، وە مەبەست لە مامۆستا وخوێندەوار ئەوانەن کە بەکرداری ڕەنگینی خۆیان، ئەندامی پەراگەندەی کۆمەڵە بنووسێنن بەیەکەوە، وە بە گوفتاری شیرینی دڵی مردووان زیندووە، وە برینی دڵ بریندار ان چاك بکەنەوە..." [3].

**چوارەم . دژایەتی ستەم و نارەوایی و هێنانەدی دادوەری** : لە و سەردەم دا زولم و نارەوایی و نادادی و ڕچاونەکردنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ باڵی ڕەشی کێشابوو بە سەر وڵاتی ئیسلامی و هاونیشتمانیانی دا، لە لایەك ستەم ونارەوایی فەرمانڕەواو کاربەدەستان، لە لایەکی تر زوڵم و جەوری داگیرکەران ( ئیستیعمار )، کە خەشم و قین و حیقدی شکست و دۆراوی چەندەها ساڵەیان دەرژاند بە سەر هاوڵاتیاندا، بۆیە یەکێکی تر ئامانجێکی گەورەی تری ریفۆرم خوازانی ئیسلامی دژایەتی ستەم و نارەوایی و نەبونی دادوەری بووە لە لایەکەوە، لایەکی ترەوە ناساندنی مافەکانی مرۆڤ بووە بە توێژ وچینەکانی کۆمەڵگا لە ئیسلامدا.

بروای تەواویان بەوە بووە کە ئەو بارو دۆخە ناهەموار و لاوازە کۆمەڵایەتی وئابووری و ڕامیاریەی دانیشتوان وخەڵکی وڵاتانی ئیسلامی تێکەوتووە بە هۆی تێنەگەیشتنە لەوە کە کامە مافی فەرمانرەوایانە، وە دەبێت لە کوێدا گوێڕایەڵی بکرێن، هەروەها کامە مافی هاونیشتیمانی وکۆمەڵگایە و پێویستە لە سەر فەرمانڕەوایان بیهێنێنەدی و دابینی بکەن بێ جیاوازی.

**پێنجەم. گێرانەوەی یەکگرتووی و یەکڕیزی بۆ بونیاد و قەوارەی کۆمەڵگەی ئیسلامی** : لەسەردەمی دەستپێکردنی پرۆسەی ڕیفۆرمی ئیسلامی کیان و قەوارەی ئیسلامی ڕێرەوی کەرتبوون وپارچە گرتبووە بەر، تا ئەندازەی پیلانگێری و دوژمنایەتی و جەنگکردن، بە تایبەت لە نێوان پەیرەوانی ڕێرەوی شیعە و کە دەوڵەتی صەفەوی نوێنەرایەتی دەکردن، وە پەیروانی ڕێبازی سوننە کە خیلافەی عیمانی نوێنەرایەتی دەکردن، بۆیە یەکێکی تر لە ئامانجە سەرەکی هەنوکەیی ریفۆرمخوازی ئیسلامی بریتی بووە لە گێرانەوە تەبایی و یەکڕیزی و یەکێتی و یەك هەڵوێستی بۆ ناو شوێنکەوتانی ئیسلام، بە هەموو توێژ و چین و تاقم و ڕێرەوە جیاوازەکانی گۆڕەپانی ئیسلامی، کە زۆربەی جیاوازیەکان لە بابەتە بنچینەیی و پایە سەرەکیەکانی ئیسلامدا نەبوو، بەڵکو لە بابەت لاوەکی و فەرعیەکاندا بوو، ئەویش لە بنچینە و بنەڕەت دا بەهۆکاری جیاوازی سیاسی و ئامانجی دونیایی بوو.

هەر بۆیە پێشەوایانی کاری ئیسلامی و ئیصلاحخوازی یەکڕیزی و یەکیەتی موسوڵمانانیان بەرکی هەرە گرنگ و هەنوکەی خۆیان بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستە پیرۆزە دروشمی برایەتی و دامەزراندنی کونکاری ئیسلامیان ( الجامعة الإسلامية ) بەرزکردەوە [4].

**شەشەم. بەرگریکردن لە مافەکانی ئافرەتان و ناساندن وخستنەروی لە ئیسلامدا**: پێشەوایانی ڕیفورمخوازی ئیسلامی بروایان وابوو کە ئیسلام وەك بەرنامە پێشەنگە لە پێدانی مافەکانی ئافرەتان و پاراستنی شکۆ و ڕێز و کەرامەتیان، بەڵام لاشیان رونبوو لە

(1) محاورات- المصلح و المقلد والوحدة الإسلامية، ل52.

(2)بگەڕێرەوە بۆ: تفسير المنار، 8/ 201 .

(3) ناڵەی دەروون، 1/ 68 .

(4) بگەڕێرەوە بۆ: تفسير المنار، 12/1.

(4)بگەڕێرەوە بۆ: تفسير المنار، 251/4 .

واقیع و گۆڕپانی ژیانی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا دەیان بینی کە چۆن ئافرەتان مەحرومکراون لە زۆرێك لە مافانەی ئیسلام پێداون، وەك بێ بەشکردنی زۆربەی ئافرەتان لە مافی: خوێندن وفێربوون، پەرمردە، زۆرێك لە مافە ئابووریەکانیان، لە هەمانکاتدا کەم و کوڕی کەمتەرخەمیەکی لە ئەندازە بەدەر هەیە لە بواری ناساندنی مافی ئافرەتان لە ئیسلامدا [1].

بەمەستی چاکسازی و ریفورم لە بواری پلە و پایە و مافەکانی ئافرەت، محمد رەشید رەزا پەڕاوێکی داناوە بە ناونیشانی ( نداء للجنس اللطيف فى حقوق النساء فى الإسلام وحقهن من الإصلاح المحمدى العام ) ، کە تێدا جەختی کردۆتەوە لە سەر زۆربەی ئەو بابەت و باسانەی کە پەیوەستن بە پلە و پایە و مافەکانی ئافرەتانەوە هەیە، وەك: باسی بارو دۆخی ئافرەتان پێش ئیسلام کە وەك ئاژەڵ مامەڵەی پیوە دەکرا، ئافرەت لە ئیسلام مروڤە و پلە و پایەی پیاوانی هەیە، هابەشی پیاوانە لە پەرستش ( عبادات ) و کار و ئەرکە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان و لە پرۆسەی فەرمان کردن بە چاکە و بەرهەڵستی خراپە، باسی مافی فێربوون و پەروەردە، باسی مافی دارایی و ئابووری و خاوەنداریەتی....... .

ئەمە لە کاتێکە هەندێك لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە نوسەر ( قاسم ئەمین ) پەڕاوی ( تحرير المرأه )ی بە پشتگیر و سود وەرگرتن لە بیر و بۆچونەکانی دوهەم پێشەوای ریفورمی ئیسلامی-ــ محمد عەبدە-ــ دەربارەی ماف و پلە وپایەی ئافرەتان داناوە [2].

### تەوەرەی سێهەم
### شێخ موحەمەدی خاڵ و ریفۆرمی ئیسلامی

ئاشکرایە کاتێك خودای گەورە ئیسلامی بەخشی بە مرۆڤایەتی، ئەفکار وبیر و باوەری جۆراو جۆر هەمە چەشنە بڵابوو لە نێو گەلانی سەر زەوی، هەریەکە لە ئاوازی دەخوێند و شوێن بیر و باوەرێك کەتبوو. بەشێك لەو بیر وباوڕانە لە دروستکراوی مروڤەکان خۆیان بوون، بەشێکی تریان لەو بیر و باوەڕو ئاینانەی کە خەلکی شوێنی کەوتبوون و پەیرویان دەکرد پاشماوەی ئایینە ئاسمانیەکان بوون، بەڵام بە شێوێندراوی و دەستکاری کراوی، تا ئەو ئەندازە کە لە سەر زەوی ئایین و بیر و باوەرێکی راستەقینە نەبوو کە ئامانج و بە مەبەست لە بوونی ( الکون ) بە هەموو بوونەوەر و شت و مەکەکانیەوە بە مرۆڤان بناسێنێ، کە راستی و دادوەری و یەکسانی و رێگای دروست بۆ هێنانەدیان بە مروڤەکان بناسێنێ، کە بەڵگە نەویستە کە ئەو شتانە خواست و ئامانجی هەموو ئایینەکان بوون، سەرە رای ئەوە کە داوا و ئاواتی هەموو مرۆڤێکی بیر و باوەرێکی راست و رەوشت دورست و رێك و پێك بوون.

هەر بۆیە خوای گەورە و باڵا دەست پێشەواو موصلیح و ریفورمخواز و فریاد رەسی خۆی نارد، کە ئەویش بریتی بوو لە سەردار و پێشەنگی هەموو پێغەمبەران و – علیهم الصلاة والسلام- چاکەخوازان و پارێزەرانی حەق و دادەری و یەکسانی محمد پێغەمبەر ( درودی خوای لە سەربێ )، تاکو مەبەست لە ژیان دونیا و کاری راستەقینە و دروستی گەورەی بونەوەرەکان مرۆڤ بناسێنێ.

لێرەوە دەگەینە حقیقەتێك کە کار و ئەرکی سەر شانی هەموو موصلیح و ریفورمخوازو نویکاریك ( مجدد ) لە فیکری ئیسلامی دا بریتی یە لە پانگ کردن مرۆڤەکانی بۆ هەستان بە ئەنجامدانی ئەو کارو کردەوە و رەفتار و وتانەی کە دەیان گەیەنێتی بەختەوەری دونیا و پاشەڕۆژ، هەر وەك چۆن ئەرکیان هۆشیارکردنەوەیان لە وازهێنان لە هەموو ئەو کار وکردەوە و رەوشت وگوفتارانەیە کە مرۆڤەکان بەرەو چارەرەشی و بەد ئەنجامی دەبەن.

جا وەکو لە پێشتر باسمان کرد لە نیوەی کوتایی نۆزدە، بە تایبەت دوای لاوازبونی خیلافە عثمانی و داگیرکردنی هەندێك لە وڵاتی ئیسلامی و سەر هەڵدانی ئەفکار و دیاردەی کۆمەڵایەتی نامۆ و دژ بە بیر وباوەری موسوڵمان و هاونیشتمانیانی وڵاتی ئیسلامی، هەروەها بڵابونەوەی زوڵم و نادادی و هەژاری و دواکەوتی، لە زۆرێك لە وڵاتانی ئیسلامی لە لایەن زانایان و بیرمەندان و چاکەخوازانەوە ریفۆرمی ئیسلامی بە زەروری و پێویست زانراوە.

کوردوستانی عێراقیش، سەرەڕای بوونی ئەو ئاستەنگانەی کە باس کرا، وە بوونی چەندەها ئاستەنگ وگرفتی تری ناخۆیی، وەك ئەوە کە هەر لە مێژەوە گۆڕەپانی ململانێی صەفوی و عثمانی بووە...، میر و پێشەواکانی لە ئاستی پێویستدا نەبوون، پتر لەوە هەمیشە ناکۆك و ناتەبا بوون، بێ بەش نەبووە لە زانا و بیرمەندی ریفۆرمخواز و نوێخواز.

لە دوای مەلا موحەمەدی جەلیلزادە، ناسراو بە مەلای گەورەی کۆیە، شیخ موحەمەدی خاڵ ـ خوای گەورە لە هەر دوکیان خۆش بێ ـ دیارترین هەڵگرانی فیکری ریفۆرمی ئیسلامی بووە.

ئەوەش بە بڕوای توێژەر بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەرێتەوە :

**یەکەم . بنەماڵەوە و خێزان :** هاتنە دونیا و گەورە بوونی شێخ موحەمەدی خاڵ لە بنەماڵە و خێزانێکی خاوەن ئایین و زانست و رۆشنبیر و خواناس و خزمەتگوزاری ئیسلام و دام و دەزگا ئایینی و فکری و ئەدەبیەکان، وەك مزگەوت و تەکیە و قوتابخانە، مەلبەند و دەزگاکانی زانست و روشنبیری ... کاریگەری زۆری هەبووە، لە سەر ئاراستەی فیکری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و بیری ریفورمخوازی و نوێگەری...، شێخ موحەمەدی خاڵ .

**دوهەم . کەسایەتی وئاستی زانستی و رۆشنبیری :** ئاشکرایە کە خاوەن زانست و رۆشنبیری نوێ و جۆرا جۆر و دەتوانێت لە هەموو کۆمەڵگایەك دا هەستێت بە پرۆسەی چاکسازی وئیصلاح و نویکاری، ئەوەی کەمێك ئاگاداری و شارەزای هەبێ لە ژیان و

(1) بگەڕێرەوە بۆ: تفسير المنار،4/ .251 .

(2)بگەڕێرەوە بۆ: الموسوعة الميسرة في الأديان والمذاهب والأحزاب المعاصرة، 1/ 453- 454 .

بەرهەمە زانستیەکانی شێخ محمدی خاڵ ، وەك: نووسینە جۆرا جۆرەکانی و وتارەکانی بۆی دەردەکەوێت کە زۆربەی کەرستە و پێویستەکان و ئامرازەکانی ڕیفۆرمخوازی تێدا بووە، بە شێوەیەك کە یەکێك بووە لە زۆر کەسایەتیە کاریگەرەکان، لە ناو جەماوەر و ناوەندە ئاینی و ڕۆشنیری و ئەکادیمی و حوکومیەکان، نەك لە کوردستان، بەڵکو لە سەر ئاستی عێراق .

**سێیەم . شارەزا و ئاگاداری کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگا بووە:** شێخ موحەممەدی خاڵ ( 28 ) لە ساڵی ( 1939 ) هەتا ساڵی ( 1967 ) دادوەری بووە، لە هەمانکاتدا ئیمام و وتاربێژ بووە، ئەمەش وایکردووە کە زۆر شارەزا و ئاگادار بێ لەو کێشە و گرفتانەی کە لە ناوکۆمەڵگادا بەرەی سەندوەو بڵاوبۆتەوە، کە تێگەیشتن لە گرفت دیاردە نامۆ و دژوارەکانی کۆمەڵگا مەرج و سیفاتی سەرکی ریفۆرمخوازە، وە دەرگای سەرکیە بۆ پروسەی سئیصلاح و گۆرانکاری ئیجابی ( ئەرێنی ) یە.

**چوارەم . کاریگەی ڕیفۆرمخوازانی ئیسلامی** : کاریگەری پێشەوایانی ڕیفۆرمخوازانی ئیسلامی ، وەك: جەمالەدینی ئەفغانی، شێخ محمد عەبدە، شێخ محمد ڕەزا، شێخ مصطفی مەراغی، ڕەنگدانەوە زۆری هەبووە لە سەر فیکر وبیر و بۆ چونی شێخ موحەممەدی خاڵ [1] .

کاریگەربوونی شێخی خاڵ بە قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی و پێشەڕەوانیەوە بە پێی وتەی زۆربەی شارەزان و توێژەران لە ژیانی مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ دەگەڕێتەوە ساڵی 1932 م، کە ( تفسیر المنار ) و چەند ژمارەیەك لە گۆڤاری ( العروة الوثقی ) و چەند کتێبێکی هاوچەرخی دەرباری ئیسلام دەست دەکەوێت و دەخوێنێتەوە، کە وەك خۆی باسی کردووە خۆی دۆزیوەتەوە وسودی زۆری لێ وەرگرتوون و زیاتر خواست وئارەزوی چۆتە سەر کارکردن بۆ ئیسلام و موسوڵمانان و چاکسازی ئایینی و کۆمەڵایەتی...[2]، هەروەها دەست بە کاربوونی وەکو دادوەر ( قاضي ) لە شارەکانی هەڵەبجە و چەمچماڵ و سلێمانی و موسڵ هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساندووە کە بە ئاسانی ئەو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامانەی دەست بکەوێت، کە لە وڵاتانی تر، بە تایبەت لە میصر دەردەرچوون و هەڵگری فیکری ئیصلاحی بوون ، وەك : الرسالە، الثقافة... [3].

**باسی سێیەم**

**دادگەری کۆمەڵایەتی وچاکسازی دارایی**

توێژەر لە باسی دوهەم دا دەوێت کە تیشك بخاتە سەر چەمکی دادگەری کۆمەڵایەتی و چاکسازی دارایی لە فیکر و بۆچوونی یەکێك لە دیارترینی زانای قوتابخانە چاکسازی لە کوردستانی عێراق،- مامۆستا و زانای پایەبەرز شیخ محمدی خاڵ-– خوا لێ خۆشبێ- .

ئەویش لە ڕوی پێناسە و بنەماکان دادگەری کۆمەڵایەتی و چاکسازی دادگەری و ڕیگە و فاکتەری چارسەری نا دادی و گەندەڵی کۆمەڵایەتی دارایی لە فیکری ئیسلامی شیخ محمدی خاڵدا، لە چەند تەوەریەکدا .

**تەوەرەی یەکەم**

**پێناسە و گرنگی و پایەی دادگەری کۆمەڵایەتی و چاکسازی دارایی**

**لای شێخ محمدی خاڵ**

**یەکەم . پێناسەی دادگەری کۆمەڵایەتی** : پێشەوایانی ڕیفورمی ئیسلامی کە دادگەری کۆمەڵایەتی یەکێکە لە ئامانجە سەرەکیەکانیان، زۆربەیان پێناسەیان کردووە، جا یان ڕاستەخۆ، یان ناڕاستەوخۆ.

لە پێناسەکانیانە بۆ داد و دادگەری کۆمولایەتی:

- داد بریتی یە: لە گەیاندن و پێدانی ماف ( حەق )ە بە خاوەنەکەی لە نزیکترین و ڕاسترین ڕێگایەوە[4].
- داد بریتی یە : لە ناساندن و جێگیربون و دەستەباڵابونی خاوەن مافە بە سەر مافەکانیدا ، جا بەدەستی خوی بێت یان بە دەستی جێگر و بریکارەکەی ، هەروەها دیاریکردنی مافە بۆ خاوەن ماف، بە گوفتار و کردار [5].
- شێخ محمدی لە پێناسەی بۆ داد و دادگەری کۆمەڵایەتی فەرمویەتی :" ئەوەیە کە مافی هەموو کەسێك بە تەواوی بدرێ، وە مافی کەس لە گەردنی کەسا نەمێنێت " [6]، وە فەرمویەتی " مەبەستیان بەمە ( دادی کۆمەڵایەتی ) پێویستانی دەوڵەتە بەرابەر بە یەکە یەکەی کۆمەڵ و گەل [7] .

لە روانگەی پێناسەکەیەوە دەردەکەوێت کە دادوەری کۆمەڵایتی لای شێخ محمدی خاڵ بریتی یە لەو کە هەرکەسە لە کۆمەڵگادا مافی خۆی بدرێتێ بێ جیاوازی و لایەنگیری، ئەمەش ئەرکی سەر شانی دەوڵەتە، پێویستە بۆَ هێنانەدی ئەو ئەرکە هەموو رێگایەك و هۆکارێکی دروست بگرێتە بەر.

هەر لە میانەی پێناسەی بۆ دادی کۆمەڵایەتی باس هەبوونی دوو جۆر دەولەت دەکات:

---

(1) بگەڕێرەوە بۆ : پوختەیەك لە ژیانامەی قازی و زانای گەورە شێخ موحەممەدی خاڵ، ل 91–- 195.

(2) بگەڕێرەوە بۆ، 2/ 304 .

(3)بگەڕێرەوە بۆ: مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ لە کۆمەڵە دیداریکی ڕۆژنامە نووسیدا، لـ33 .

(4) تفسیر المنار، 5/ 140.

(5) أصول النظام الاجتماعي في الإسلام، ل175 .

(6) ناڵەی دەروون، 1/ 193.

(7) ناڵەی دەروون، 1/ 193.

1. دەوڵەتی دادپەروەر، ناوی دەنێت ( دادخوا )، وە پێناسەی کردووە و فەرمویەتی " دەوڵەتێکە کە دەستوورێکی ڕێکوپێکی وای بێت، دەرگا بکاتەوە بۆ هەموو یەکە یەکەی گەل لە بازنە ( دائرە ) خۆیدا بتوانێت بەتەواوی هەڵسوڕێت، وە بە پێی ژیری و بیر و بەهرە و ئامادەیی ( استعداد ) خۆی سەرکەوێت، تا ئەگات بە بەرزترین پایە و پلە لە ژیانا " [1].

2.دەوڵەتی ستەمکار: هەر چەندە وەکو بەڕاشکوی پێناسەی دەوڵەتی دادوەری کردووە، پێناسەی دەوڵەتی ستەمکاری نەکردووە، بەڵام لە میانەی پێناسەکەی بۆ دەوڵەتی دادوەر دەردەکەوێت، کە دەوڵەتی ستەمکار لای شێخ محمدی خاڵ ئەوەیە :کە دەستووری ڕێکوپێکی نەبێ و خەڵکی نەتوانێ بە ئازادی و شکۆمەندانە توانا و بەهرەکانی خۆی بخاتە کار، تا بتوانێ لەو ڕێگەوە ژیانی شایستە و ڕێزدارانە بۆ خۆی و ئەوانەی بژێویان لە سەریەتی دابین بکات [2].

ئەمەش بە بەڵگەی ئەوە، دوای ئەوە کە پێناسەی دەولەتی دادوەر و ئەرکەکانی بە وردی بەرا بەر تاك و کۆمەڵگا دیاری کردووە، فەرموویەتی " ئەگینا ستەمکارە " [3]..

**تەوەرەی دووهەم**

**بایەخ وگرنگی دادوەری کۆمەڵایەتی و چاکسازی دارایی**

ئەوەی کە بەڵگە نەویستە لای هەمووان هێنانەدی داد و دادوەری کۆمەڵایەتی و چاکسازی دارایی خواست و ئامانجی هە موو ئایینە خواییەکان و مرۆییەکان، هەر وەك چۆن مەبەستی هەموو ئەو بیر و باوەڕ و دەستوور و یاساویانەیە کە ڕێخستن و خاوەنداریەکەی بۆ مروڤەکان دەگەڕیتەوە.

هێنانەدی داد ودادوەری کۆمەڵایەتی یەکێکە لە بنەما بنچینەییەکانی ئیسلام، وە لە هەمانکاتدا لە ئامانجە سەرەکییەکانی، وە لە دەیان ئایەت و فەرمودەی پێغەمبەری خوادا ( درودی خوای لە سەربێ ) باسکراوە، وە لە قورئان و فەرموودەدا بە دوو زاراوە (مصطلح) بۆ تەعبیرکردن لە دادوەری بەکارهێنراوە ( عدل، قسط) یەکێك لەو ئایەتە پیرۆزانە ئایەتی ( 25 ) سورەتی ( الحديد )، کە بە ڕونی باس لەوە دەکات کە هەموو کتێبە ئاسمانیەکان بۆ ئەوە هاتوون کە داد بهێننەدی لە زەوی دا، کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ وَأَنْزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ** ﴾ ، الحديد: ٢٥.

مامۆستا شێخ موحەمەدی خاڵ لەواتا و ڕاڤەکردنی دا فەرمویەتی " بەکورتی : ئایەتەکە ئەوەیە کە خوا پێغەمبەرانی ناردووە بە نامەی ئاسمانییەوە، وە ئاسنی بۆ دروست کردوون بەزۆری بۆ ئەوەی هەموو چەکێکی لێ دروست بکەن، بۆ ڕاگرتنی داد و ڕێکخستنی دادی کۆمەڵایەتی لە جیهان لە سەر بنیاتی ئەو نامانە و پاراستنیان بە تەختکردنی هەموو کوسپێك لە ڕێیانا "[4].

**تەوەرەی سێهەم**

**هۆکارەکانی نەبوونی داد و گەندەڵی دارایی لە کۆمەڵگە دا**

دیارە نەبوونی داد و گەندەڵی دارایی لە کۆمەڵگە دا لای زانایان و لێکۆڵەرەوانی بواری شەریعەتی ئیسلام و یاسا و ئابووری و دارایی چەندەها هۆکاری هەیە.

مامۆستا شێخ موحەمەدی خاڵ وەك لە نووسین و وتارەکانی دا دەردەکەوێت زۆر دژی نا دادی و ستەمی کۆمەڵاتی بووە، وە بڕوای وابووە کە نا دادی و ستەمی کۆمەڵایتی خۆرەی ئاسایشی گەلان و روخێنەری دەوڵەتانن، هەر بۆیە بە ئەرك و کاری لە پێشینەی خۆی زانیووە کە لە نووسین و وتارەکانیا هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی نا دادی و گەندەڵی ئابووری و دارایی باس بکات و بە کۆمەڵگایان بناسێنێ، بە تایبەت شوێنکەوتان و هەڵگرانی ئیسلام، چونکە ئیسلام بۆ چەسپاندن و هێنانەدی داد و پاراستنی ماف هاتووە، وەك کە ئیبنو قەییم دەفەرموێت " فكل مسألة خرجت عن العدل إلى الجور، وعن الرحمة إلى ضدها، وعن المصلحة إلى المفسدة، وعن الحكمة إلى العبث؛ فليست من الشريعة "[5]، واتە: هەر بابەتێك لە دادەوە چوو بۆ ستەم، وە لە بەزەیی و میهرەبانیەوە چوو بۆ دژەکەی، لە بەرژەوەندیەوە چوو بۆ خرابە وگەندەڵی (مفسدة )، لە دانایی و کاربەجییەوە چوو بۆ گاڵتەجاڕی و گاڵتە وگەپ، ئەوە فڕی شەریعەتەوە نیە.

دەتوانین هۆکارەکانی بوونی نا دادی و گەندەڵی لە هەر کۆمەڵگایەکدا، بە تایبەت کۆمەڵگای ئیسلامی لای مامۆستا شێخ مەحەمەدی خاڵ لەم چەند خاڵانەی خوارەوە دا چڕ بکەینەوە:

**یەکەم . فەرامۆش کردنی پەیامی ئیسلام** : روون و بەڵگە نەویستە کە ئیسلام خوای گەورە ناردویەتی بۆ مرۆڤایەتی بۆ ئەوەیە کە لە تاریکی و شەوزەنگەکانی گومڕایی ڕزگار و دەربازیان بکات و ڕێنیشاندەریان بێت بۆ خوشگوزەرانی، لە دونیا و بەختەوەری و ئاسودەیی هەمیشەیی پاشەڕۆش، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **الر كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ إِلَيْكَ لِتُخْرِجَ النَّاسَ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِ رَبِّهِمْ إِلَى صِرَاطِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ** ﴾ ، إبراهيم: ١.

---

(1) ناڵەی دەروون، 1/ 193

(2 )بگەڕێرەوە بۆ: ناڵەی دەروون، 1/ 193، 194.

(3) ناڵەی دەروون، لـ 194.

(4) تەفسیری خاڵ، 27/ 159.

(5)إعلام الموقعين عن رب العالمين، 3/3.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هەر لەم ڕوانگەیەوە کە مامۆستا شێخ مەحەمەدی خاڵ بۆچوونی وایە کە فەرامۆشکردنی ئیسلام و دورکەوتنەوە لێی و کارنەکردن بە یاساکانی و ڕوکردنە بێ دینی دەبێتە موصیبەت و کارەساتی دونیایی و سزای پاشەڕۆژ، بۆ خستنەڕوی ئەم راستیە فەرمویەتی : " ئەی موسڵمانینە! دەستوور و باوی خوایە لە دونیایەدا : هەر کەسێك یا هەر گەلێك دەستی دایە بێدینی، وە لە فەرموودەی خوا و پێغەمبەر ( درودی خوای لە سەر بێ ) دوورکەتەوە، خوا تووشی بەڵاو و ( موصیبەتی ) ئەکات "[1].

**دووهەم . خودپەرستی و گوێنەدا بە بەرژەوەندی گشتی** : ( استبداد ) کە مامۆستا شێخ محمدی خاڵ خودسەری گەورەترین هۆکاری گەندەڵی و نا دادی و ستەمە بە هەموو جۆرەکانیەوە، هەر بۆیە وەك مامۆستا شێخ محمدی خاڵ باسی کردووە، کاتێك ئیسلام هات هەموو درگاکانی خراپەکاری و گەندەڵی لە مرۆڤەکان داخست و هێنانیە سەر " ئیمان و باوەڕ یەکێتی و برایەتی و ڕاستی و پیاوەتی و دەستگرتن و یارمەتی و دادی و کۆمەڵایەتی و شتی پرو و پووچی هەڵگرت لە ناودا، وە دەرگای خوێندن و خوێندەواری لێکردنەوە، وە بەئایەتی: ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ﴾ ، الحجرات: ١٠، هەموویانی کرد بە برای یەك، وە جیاوازی هەڵگرت لە ناویاندا، هەژاری کرد بە هاوبەشی دەوڵەمەند لە دارایید و تەرازووی دادی هەڵواسی، مافی دانا، خودسەری ( إستبداد )ی هەڵگرت، وە سەرچاوەی ڕاوێژی هێنایە پێشەوە، ژنانی کرد بە هاوبەشی پیاوان لە ژیاندا، بەندەیی لە ناو یەکەیەکە وگەلاندا هەڵگرت، مافی ژن و مێردی دانا، سوود و خوێن مژیی و دەستبەسەرداگرتن ( احتکار ) ی قەدەغەکرد، بەزەیی هاتەوە بەکرێکار و بەردەست و ئیشکەردا، وە دەستوور و یاسای تایبەتی بۆ دانان، دای بە دەستی ئەوانەی کە ئەبن بە مایەی گرانی و ئاژاوە " [2].

**سێهەم . ئاوەژۆکردنی ڕاستیەکان و درۆ** : سیفەتی درۆ ئاوەژۆکردنی ڕاستیەکان وەك شیخ محمدی خاڵ دەفەرموێت یەکیکە لە گەورە ترین تاوەنەکان و لە هەموو ئایینەکان دا حەرام و قەدەغەیە، " جونکە درۆ کانگا و سەرچاوەی هەموو خراپی گوناهیکە، وە مایەی هەموو ئاژاوە و نا کۆکییەکە،... ئەگەر درۆ نەبووایە هەموو لایەك بە ئاشتی و ئاسایش دانیشتن، وە کەس لە کەس زویر و دڵگیرنەئەبوو.

هەر درۆیە کە باوەڕی لە ناو خەڵقا نەهێشتووە، وە کەس باوەڕی بەکەس نەماوە، هەر درۆیە کە فڕو فێڵی بڵاکردۆتەوە " [3].

مامۆستا شێخ موحەمەدی خاڵ بۆچوونی وایە گەلێك کە لە سەر در و دوڕیی و ئاوەژۆکردنی ڕاستیەکان گۆش و ڕاهاتبێ، نەك دادوەری کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی باڵ ناکێشێ بە سەری دا، بەڵکو دەبێت وەك گەلی ( عاد )و ( ثمود ) ئەبێ نەمێنێ و لە ناوبچێ، دەفەرموێت : " گەلێك چۆن ئەمێنێ و پایەدار ئەبێ کە هیچ کەسێکی باوەڕی بە هیچ کەسێکی نەبێ، وە هیچ زەلامێکی لە زەلامێکی دڵنیا نەبێ، وەهیچ کەسێکی لە سەر و ماڵ ناموسی خۆی ئەمین نەبێ...، پایەدار ئەبێ کە دڵ و زمانی وەك یەك نەبێ، کۆمەڵێك چۆن بەرقەرار ئەبێ کە قسەی وەك شەکر و مەبەستی وەك ژەهری مار وابێ "[4].

**چوارەم . جیاوازی چنایەتی نا سروشتی** : زۆربەی زانایان لە بواری ئابووری و کۆمەلایەتی کۆکن لە سەر ئەوە کە ئەبێ زۆرینە کۆمەڵگا لە چینی مامناوەند بن، بەڵام ئەگەر کۆمەڵگا دابەش بوو بە سەر دوو چیندا، کەمینەیەکی لە سنور بەدەر دەوڵەمەند و زۆرینەیەکی هەژار، ئەوە لە ئەنجامی پەیرەوی کردنی جیاوازی چنایەتی نا سروشتی و نارەوایە.

مامۆستا شێخ موحەمەدی خاڵ بە لایەوە وایە کە هەر کۆمەڵگایەك دانیشتوانەکە دابەش بوو بێ بەسەر دوو چیندا، چینێك لە ئاسمان و چینێك لە زەویدا ، یان یەکێك تێر و یەکێك برسی، ئەوە تێدا هەست بە خۆشیەکانی ژیان ناکرێ، چ جایە بوونی داد و هاوسەنگی و دادوەری کۆمەڵایەتی [5].

**پێنجەم. داگیرکەران ( ئیستیعمار ) سەرچاوەی گەندەڵی و نەهێشتنی دادی کۆمەڵایەتین**: شتێکی بەڵگە نەویستە دژایەتی کردن و بەرەنگاربوونەوەی ئیستعمار بزوێنەری ریفورمخوازانی ئیسلامی بووە، چونکە بڕواو قەناعەتی تەواویان وابووە کە ئەو هەموو خراپە و نا دادی و نا هاوسەنگی و نا ئارامیەك کە لە ناو وڵاتە ئیسلامیەکان دا هەیە، لە بواری فیکری و ڕۆشنبیر و کۆمەڵایەتی سیاسی و ئابووری و ئەمنی ...، سەرچاوە و هۆکارەکەی ئیستعمارە.

مامۆستا شیخ موحەمەدی خاڵ لە باسی گەورەیی پلەو پایەی قورئانی پیرۆز دا پەردە لە سەر هەوڵە چەپەڵ و نا پاکەکانی ئیستیعماری ئەوروپی دەدات، فەرمویەتی: " قورئان نامەیەکی دینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و میژووی و ڕەوشت وخویی و زانیاری و سیاسییە، دەستوور باوی خوا نیشان ئەدات لە دین و دنیادا، هۆی پێشکەوتن و پاشکەوتن و مردن و زیندووبونەوەی گەلان پێش چاو ئەخات .... .

هەر لەبەر ئەم تین و تەوژمی قورئانەیە لە دڵ و دەروونی موسلمانانا، کە سیاسیەکانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا لە زۆر کۆنەوە بە هەموو هێزو توانای خۆیانەوە ئەجەنگ لە گەڵ قوڕئانا، چ بە چەك چ بە پارە چ بە فڕوفێڵ، وە ئەیانەوێ ئەم تاقە چرایە بکوژێننەوە لە دڵ و دەروونی موسڵمانانا، تا بە تاریکی بمێننەوە، وە هەرچیەکیان هەیە لێیان بدزن.

نابینن هەر دزێك کە بیەوێ بە شەو ماڵێك ببرێ لە پێشەوە چراکانی ئەکوژێنێتەوە، وە تەلی کارەباکەی ئەبرێ، ئینجا بە ئارەزووی

---

(1) ناڵەی دەروون، 2/ 356 .

(2)ناڵەی دەروون ، 2/ 335

(3)ناڵەی دەروون، 2/ 363 .

(4) ناڵەی دەروون، 2/ 363.

(5) بگەڕێرەوە بۆ: ناڵەی دەروون، 1/ 44.

خۆی تاڵانی ئەکات وگەسکی لێ ئەدات .
ئەمە کردەوەی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتییەکانە لە زۆر کۆنەوە، کە دەستی دزی و ناپاکیان درێژ کردووە بۆ وڵاتی موسڵمانان، وە هەر چییەکیان چنگ کەوێ ئەدزن و کێشەی لێ ئەکەن، تەنانەت لە کتێبە دەست نووسەکانیشیان [1].

**تەوەرەی چوارەم**

**ئامراز و هوکارەکانی هێنانەدی دادوەری کۆمەڵایەتی و چاکسازی دارایی**

شێخ موحەمەدی خاڵ لە نوسراوەکانیا و وتارەکانیدا باسی لە گرنگترین فاکتەر و ئامراز هێنانەدی دادوەری کۆمەڵایەتی و چاکسازی دارایی کردووە، هەوڵ دەدەین بە کورتی لەم چەند خاڵێك داب اسیان بکەین:

**یەکەم .هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لە ڕێگەی نووسین و بڵاوکراوە و وتار** : ئاشکرایە و بەڵگە نەویستە کە یەکەم ئامراز و هۆکاری کاریگەر بۆ گەشەکردنی هەستی و ئیرادە و بیر و باوەری ڕاست و چالاکی سوود بەخش، هەروەها بۆ بەرهەڵستی و بەرەنگاربوونە خراپە و نادادی و شۆرش کردن بە سەریا بریتییە لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لە ڕێگەی نووسین و بڵاوکراوە و وتار.

مامۆستا شیخ موحەمەدی خاڵ لە چەندەها شوێندا جەختی لە سەر ئەم ڕاستیە کردۆتەوە فەرمویەتی: "زۆر خاوەن قەڵەم بەهۆی نووسینەوە سەرکەوتوون لە وەرگێرانی ( ئینقلاب ) ڕژێمی گەلان و گۆڕینی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەو جۆرەی کە خۆیان ویستوویانە "، هەروەها فەرمویەتی :" ئەمڕۆ کتێب و نووسین یەکەمین هۆن بۆ پەوەردەکردنی گشتی، وە یەکەم هۆن بۆ بێدارکردنەوەی هۆش و هەست.

ئینجا ئەگەر خواستی خوای لە سەر بوو ئەوا کۆمەڵێك لە خاوەن قەڵەمان ئەنێرێ بۆ گەلێك، وە ئەیانکات بە پێشڕەویان، وە پێشیان ئەکەون تا ئەیانبەن بۆ سەرچاوەی بەختیاری و کامەرانی لە هەردوو جیهانا "[2].

**دووهەم .بە هیوا و کۆشش** : شیخ موحەمەدی خاڵ بۆچوونی وایە ئەوەی کە دەتوانێ گۆڕانکاری ڕاستەقینە بکات هیوا و ئیرادە و کۆششی گەلانە، لە زۆر لە شوێنانەی کە باس لە گۆانکاری و شۆڕش بە سەر نادادیی و ستەمی کۆمەڵایەتی دەکات، ئەم ئایەتە پیرۆزە دەکات بە بەڵگە: ﴿ **إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ** ﴾، الرعد: ١١: واتە " خوا چۆنیەتی هیچ گەلێك – لە چاکی و خراپی ناگۆڕێ تا خۆیان نەیگۆڕن ". نەك هەر بیکات بە بەڵگە، بوڵکو واتاکەی بە دەستوور و باوی خوای گەورە لە بوونەوەردا ناوزەندی دەکات، وە بڕوای وایە کە ئەبێ بەخوێنی خۆیان ئێستا و داهاتوویان ڕەنگ ڕێژ بکەن [3].

**سێهەم . دروستکردنی نوخبەیە ( دەستەگوڵێنەیە )کی ڕۆشنبیر و زانا و شارەزا و پسپۆر بە هەموو کایەکانی ژیان** : بەلای ڕیفورخوازنەوە نوخبە و ڕۆشنبیر و زانا و پسپۆڕان دەتوانن چاکسازی و گۆرانکاری کۆمەڵایەتی بکەن و بەرەو پێشی ببەن لە هەموو ڕوویەکەوە، هەر بۆیە هەوڵیان داوە نوخبەیەکی ڕیفورمخواز و ئازاد و سەربەخۆ و خاوەن زانست و ڕۆشنبیری ڕەسەن ( الأصيل ) نوێ دروست، بە مەبەستی ئەنجامدانی گۆرانکاری ڕاستەقینە و سەرتاسەری لە کۆمەڵگادا، لە ڕێگەی ئەوانەوە.

ماموستا شێخ موحەمەدی خاڵ مەرج و سیفات و تایبەتمەندی گرنگترین ئەو توێژە کە دائەنرێن بە بەردی بناغەی نوخبەی ڕیفۆرمخواز، کە ئەویش توێژی خوێندەوارە، بەتایبەت مامۆستایانی زانستگا ( زانکۆ ) بۆ هەژمار دەکات، بۆ چوونی کە ئەبێ [4]:

1. ئەبێ دڵسۆز و ڕاستگۆ و سەرمەشقی بن بۆ زانین و زانیاری و ڕاستی ، تا ئەندازەی بەخشینی ژیان لەو ڕێگەدا، وە لە پێناوی بیر و باوەڕ و ڕەوشت و خووی بەرز .
2. ئەبێ خۆی یەکلای بکاتەوە بۆ خزمەتی زانیین و زانیاری، نەك خولیای دارایی کۆکردنەوە .
3. پێویستە سەربەخۆ و سەربەست بێ، نابێ سەر بەهیچ لایە بێ، تا لە بەر ئەم و ئەو هاوکێشەکان ئاڵۆز و پێچەوانە بکاتەوە.

**سێهەم . پەروەردەکردنی کۆمەڵگا لە سەر بەها و ڕەوشتە باڵاکان**: شێخ موحەمەدی خاڵ بڕوای وایە گەورە ترین و بە هیز ترین هۆکار بۆ هێنانەدی دادکۆمەڵایەتی وچاکسازی دارایی بەرجستەکردن و جێ بە جێکردنی ئەو بەهاباڵایانەی کە ئیسلام لە بواری مامڵە و چالاکیە دارایی و ئابوریەکان فەرمانی پێ کردون، وەك دەست بە جێ بەکارهێنانی هێز و توانای مادی مەعنوی ڕەخساو بۆ لواو، هاوکاری و یارمەتی یەکتری، ڕستگویی و متمانە و وەفاداری، لێبوردەیی و بەخشندەیی..، لەم بارەیە بەڕاشکاوی دەفەرمەیت " پێویستە لەسەرمان- کە دەستمان دایە کارێك- بە هەموو هێز و توانای خۆمانەوە دەستی بدەینێ، وە یارمەتی یەکتری تێدا بدەین، وە خوای خۆی ئەفەرموێ: ﴿ **وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى** ﴾ ، المائدە:2، یعنی یارمەتی یەکتری بدەن لە سەرچاکە و خۆپاراستن لە خراپە "[5]، لە واتای ئایەتی : ﴿ **فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُمْ بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ الَّذِي اؤْتُمِنَ أَمَانَتَهُ وَلْيَتَّقِ اللَّهَ** ﴾، **البقرة : 283**، فەرمویەتی: با ئەو قەرزدارەی کە بە ئەمین زانراوە و قەرزی دراوەتێ قەرزەکە بداتەوە، وە ئەو خاوەن قەرزەی کە بە ئەمین زانراوە و بارمتەکە بداتەوە "[6] بەرونی

---

(1) ناڵەی دەروون، 2/ 361-360 .
(2) ناڵەی دەروون، 1/ 82 .
(3) بگەڕێرەوە بۆ: ناڵەی دەروون، 1/ 340.
(4) بگەڕێرەوە بۆ: ناڵەی دەروون، 1/ 55- 56.
(5) تەفسیری خاڵ، 45/1.
(6) تەفسیری خاڵ، 454/1 .

هەر دوولایان دەبێت متانە بەکتری لەدەست نەدەن وخیانە نەکەن[1].

**چووارەم . دانانی کەسی شیاو بۆ پوست و ئەرکە گشتیەکان** : شێخ موحەممەدی خاڵ لە ژێر سێبەری ئەم ئایەتە پیرۆزانەدا : ﴿ **وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللَّهَ عَلَى مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ ﴿ 204﴾ وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْفَسَادَ﴿ 205﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُ اتَّقِ اللَّهَ أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالْإِثْمِ فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ وَلَبِئْسَ الْمِهَادُ ﴿ 206 ﴾ وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَشْرِي نَفْسَهُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ رَءُوفٌ بِالْعِبَادِ** ﴾، سورە البقرە: 204-206، کاربەدەستان و فەرمانڕەوایانی کۆمەڵگا و دەوڵەت دەکات بە دوو جۆر: یەکێکیان بە زمان و گوفتار و دروشمەکانی موسڵمان و لەخواترس و دڵ و دەستپاك و داوێنپاکە، شەیدا و فیداکاری ڕاستی و چاکە و دادگەریە، خودای گەورەش دەکات بە شاهی دلە ڕاستیەتی گوفتار و کرداری.

بەڵام ئەم جۆرە لە کاربەدەستان و فەرمانڕەوایان لە ڕاستی دا دوژمنی خوا و پێغەمبەر و کۆمەڵگە و گەل و وڵات و نیشتیمان ومرۆڤایەتین، هەموو ئەمانە بە کارئەهێنێ بۆ بەرژەوەندی و قازانج و سەروەری دونیایی خۆی و پاراستنی کورسی و دەسەڵاتی، لە ڕێگەی فریودان و هەڵخەڵتاندنی بە شێك یان زۆرینەی خەڵکی وڵاتەکەی[2].

ماملۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ بەردەوامە لە سەر ناساندن و باسکردنی ڕەفتار و ئاکار ئەم جۆرە لە فەرمانڕەوا، دەفەرموێت: " هیچ ئاواتێکی لە ژیانا نیە، ڕابوردنی خۆی نەبێ، لە بەر ئەوە هەرگیز تێر ناخوات و پڕ نابێتەوە، دوژمنی باوەکوشتەی پیاوانی نیشتمانی و زانایانی ئایینین، هەر وەك دوژمنی ئەو کەسانەن کە تێئەگەن و ئەیاننناسن، یا ملەملەیان لە گەل ئەکەن تا لە ناویان ئەبەن "[3].

باسی هەڵوێست و ڕەفتاریان لە گەڵ هاونیشتمانیان و گەل دەکات و دەفەرموێت " ئەم ناپاکانە هەر ڕۆژە جۆرە خەرج باجێك لە سەر گەل دائەنێن، وە هەر ساتەی بە ڕنگێك ئەیانڕووتێننەوە"[4]، ئیجا زور بە وردی و دانایی باس لە سەرئەنجامی کردار و ڕەفتاری جەوت و پڕ لە ستەم و گەندەڵیان دەکات، لە سەر تەواوی ڕەوشی وڵات- فیکری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، ئەمنی ...- دەفەرموێت : " ئینجا بە بۆنەیەوە هەژاری و بێ ئیشی بڵاو ئەبێتەوە، دزی و نائەمنی زۆر ئەبێ، وە لە گەڵ دوژمنایەتی تازەدا، دوژمنایەتی کونیش سەر هەڵئەداتەوە، ئینجدا هەرساتەی یەکیك دەکوژرێ، وە هەر شەوەی ماڵێك ئەبرێ، وە هەر دەرمەی لایەك تاڵان ئەکرێ...، بەهۆی خراپی و زۆر ستەمی ئەو جۆرە کەسانەوە: ئاژەڵ و کشتوکاڵ و لە ناو ئچن و پیتوبەرەکەت نامێنێ، هەر وەك دەستوور و باوی ناو خێزان ئەڕوخێ و شەرم و شکۆی نامێنێ و سپاردە( أمانة) بار دەکات" [5].

دوای ئەوە کە باسی جۆری یەکەمی کرد، بۆ چوونی خۆی لە سەر جۆری دوهەم لە کاربەدەست و فەرمانڕەوایان دەخاتە ڕو لە ڕوانگەی واتای ئایەتی: ﴿ **وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَشْرِي نَفْسَهُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ رَءُوفٌ بِالْعِبَادِ** ﴾ ، کە دەکرێت بڵین کاربەدەستی باش و گونجاو و ڕەشید لای شێخ موحەممەدی خاڵ : ئەوانەنە کە گیانی خۆیان بەخت دەکەن بۆ ڕەزامەندیی، واتە سەر و ماڵی خۆیان لە پێناوی ڕەزای خوادا...، ئەم جۆرە هەوڵ و تەقەلایان و گیان بەختکردنیان دەبنە مایەی خۆشی و خۆشبەختی مروڤەکانی تر.

ئەم جۆرە کەسانە بە گیان و پاك و بیری بەرزی مەردانەوە دەکۆشن تا بەخشی گیانی خۆیان لە ڕێی ڕێکخستنی کۆمەڵگا و لابردنی خراپە و گەندەڵی و چەسپاندن و جێگیرکردنی چاکە و داد لە ناو کۆمەڵ و وڵاتەکەیاندا[6].

**پێنجەم . دابینکردن و دەستەبەکردنی ژیانی شاو و گونجاو بۆ هەموو هاوڵتیان**: یەکێکی تر لە فەکتەر سەرەکیەکانی نەهێشتنی نادادی و گەندەڵی دارایی و ئابووری لای مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ بریتی یە لەوە کە پێویستە لە سەر میری و فەرمانڕەوایان ژیانی شیاو و گونجا و هاوتەریب بە ڕەوەی ژیان و پێشکەوتنەکانی فەرهەم بێنێ بۆ هەموو هاوڵاتیان، بەتایبە چین و توێژە کاریگەریەکانی کۆمەڵگا، ئەوەتە دەربارەی خواپەرستان و مامۆستایانی زانکۆ فەرمویەتی" خواپەرست ئەگەر لە خشتە برا، وە کەتە خولیای ناو و شۆرەت دارایی کۆکردنەوە ، چۆن ئەبێ بە خواپەرستێکی قەڵب، مامۆستای زانستگاش کە چاوی لە ناو و شۆرەت و دەوڵەمەندی و سەرکەتنی مانگانەکەی بوو، ئەبێ بە مامۆستایەکی قەڵب، ئینجا بۆ ئەوەی مامۆستای زانستگا نەکەوێتە ئەم خولیانەوە، پێویستە لە سەر کۆمەڵە و دەوڵەت کە مایەی خۆشی و خۆشبەختیان بۆ جێ بەجێ بکەن، تا هەرچی کاتیان هەیە بەختی بکەن لە ڕێی زانین و زانیاریدا " [7].

ئەمەش بە ئامانج و ئاراستەی ئەوە کە " مامۆستای زانستگا ئەبێ وەك ئەستێرەی ئاسمان ڕێگا نیشان بدات بە هەموو کەسێك، بەبێ جیاوازی لە ناوەندی دۆست و دوژمن و بڕوادار و بێ بڕوا و چاك و خراپا "[8].

**تەوەرەی پێنجەم**

**بنەماکانی دادوەری کۆمەڵایەتی و چاکسازی دارایی**

---

(1) بگەڕێرەوە بۆ: فسیری خاڵ، 454/1 .

(2)بگەڕێرەوە بۆ: تەفسیری خاڵ، 1/ 295-296.

(3) تەفسیری خاڵ، 1/ 296.

(4) تەفسیری خاڵ، 1/ 296.

(5) تەفسیری خاڵ، 1/ 296 - 297.

(6) تەفسیری خاڵ: 1/ 296.

(7) ناڵەی دەروون، 1/ 55 .

(8) ناڵەی دەروون، 1/ 56 .

ئاشکرایە و شتێکی بەڵگە نەویستە کە دادوەری کۆمەڵایەتی و پێدان ماف بە هاونیشتمانان لە سەر ئاستی تاك و کۆمەڵگا لە لای زانایانی بواری یاسایی وسیاسی وکۆمەڵایەتی کۆمەڵێ بنەماو بنچینەی هەیە، بە بێ ئەوان موستەحیلە دادوەری کۆمەڵایەتی لە هیچ دەوڵەت و کۆمەڵگایەکی مروڤایەتی دا بێتە دی .

هەر بۆیە زانای گەورەو پایەدار شێخ موحەمەدی خاڵ لە نوسراو و وتارەکانی دا کۆمەڵێك لەو بنەما و بنچینانەی باسکردووە، کە هەوڵ دەدەین بە پێی توانا بیانخەنە باس و لێکۆڵینەوە، لە چەند خاڵێکدا:

**یەکەم. بوونی دەستوور**: هەر وەك چۆن زانایان و دانایان و پسپۆڕانی بواری دادوەری و مافەکانی مرۆڤ لە هەموو بیر و باوەڕەکان و لە ناو هەموو گەل و نەتەوەیەك دا دەستووریان بە یەکەم بنەما و بناخە داناوە، بۆ پاراستن و هێنانەدی مافەکانی مرۆڤ و چەسپانی دادوەری.

مامۆستا ( شێخ موحەمەدی خاڵ ) یش زۆر بە ڕاشکاوی دەستوور بە یەکەم بنەمای دادوەری کۆمەڵایەتی داناوە، ئەوەتە کاتێك باس لە دەوڵەتی دادوەر و ڕەشید دەکات دەڵێت " دەوڵەتێکە کە دەستوورێکی ڕێکوپێکی وای ببێت، دەرگا بکاتەوە بۆ هەموو یەکە یەکەی گەل لە بازنە ( دائرە ) خۆیدا بتوانێت بەتەواوی هەڵسوڕێت، وە بە پێی ژیری و بیر و بەهرە و ئامادەیی ( استعداد ) خۆی سەرکەوێت، تا ئەگات بە بەرزترین پایە و پلە لە ژیانا"[(1)].

وەکو لە پێناسەکەدا لای شێخ موحەمەدی خاڵ دەستووری چاك و ڕێکوپێك کۆمەڵێك مەرجی خۆی هەیە، لەوانە:

1. پارێزەری ئازادیەکان بێت، ئازادی بیر و باوەڕ، ڕاو بۆ چۆن...، ئەمەش لە بەڕگەی " بە پێی ژیری و بیر و بەهرە و ئامادەیی ( استعداد ) خۆی سەرکەوێت، تا ئەگات بە بەرزترین پایە و پلە لە ژیانا " ئاماژەی پێکردووە خستویەتیە ڕو.

2. ڕەخسێنەری دەرفەتی کار وخاوەنداریەتی بێت، ئەمەش لە بەڕگەی " دەرگا بکاتەوە بۆ هەموو یەکە یەکەی گەل لە بازنە ( دائرە ) خۆیدا بتوانێت بەتەواوی هەڵسوڕێت " ئاماژەی پێکردووە و خستویەتیە ڕو.

3. ئامانجی پاراستنی پلە و پایەیی مرۆڤ بێت، هەموو مروڤەکان بی جیاوازی، تا ئەندازەی گەیاندنی بەرزترین پلەکانی خۆشگوزەرانی بە پێی هەل و بار ودوخی ژیان، لە بەڕگەی " تا ئەگات بە بەرزترین پایە و پلە لە ژیانا " ئاماژەی پێکردووە خستویەتیە ڕو.

**دووهەم . بوونی پێشەوا** : لە گرنگترین بنەما و فاکتەرەکانی چەسپاندنی دادوەری کۆمەڵایەتی یە بوونی پێشەوایە، کە لە هەر ڕویەکەوە سەیری بکەیت بە واتای ڕاستەقینە پێشەوا بێ و پێغەمبەر ( درودی خوای لە سەر بێ ) ئاسایانە کیشە و گرفتی کۆمەڵگاکەی بناسێ ، کە وەك شێخ محمدی خاڵ باسی دەکات و وێنەی هەڵسوکەوتی کێشاوە " لە یەك کاتا خواپەرست و گۆشەگیر سیاسی و سەرباز و فەرماندە ( قائد ) و دواندەر ( خطیب) و پزیشك ( **طبیب** ) و زانایەکی ئابووری کۆمەڵایتی و یاسایی و فەلەکی و ریازی و مرشد و مورەبی و دادوەر ( قاضي ) و پێشەوا ( إمام ) و پاشایەکی گەورە بووە، هەروەك پێغەمبەرێکی خاوەن قورئان و پایە بەرز بووە "[(2)].

لەوەش زیاتر براوای وایە کە هەموو شۆرشێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان ئابووری بە بێ پێشەوا ناکرێت، وە هەموو پێغەمبەران شۆرش گێربوون، ئامانجیان بڵاکردنەوەی گیانی ئاشتی خێرخوایی و چاکە و خۆبەت کردنبووە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و رزگاردنی مرۆڤەکان بووە لە نادادی و ستەم و نا ڕەوایی کۆمەڵایەتی [(3)].

**سێهەم . خۆشەویستی نیشتمان:** وەك شێخ موحەمەدی خاڵ پێناسەی کردووە : " نیشتمان بەو جێگایە ئەڵێن کە ئادەمی تیا پەیدا ئەبێ، وە بە خواردن و خواردنەوەی گۆش ئەکرێ و گەورە ئەبێ، وە با و شەماڵی خۆشی ئەژی و ئەبووژێتەوە، وە بە زبانی ئەو شوێنە مەبەس و ئارەزووی خۆی بە جێ دێنێ، بەڕەوشت وخووی بەهرەمەند ئەبێ و وێڵ ئەگرێ، وە لەێدا فێری خوێندن و نووسین و زانین و خوێندەواری ئەبێ،.....، کەوابوو نیشتمان مایەی بوون و ژینە "[(4)].

نەك هەر ئەوە فەرموویەتی " هەرکەسێك کوڕی باوکی خۆی بێ، بەدڵ و بە گیان نیشتمانی خۆی خۆش ئەوێ، وە هەمیشە هەوڵ ئەدا بۆ زیندووبوونەوە و سەرکوتن و پێشکەوتن و بەرزبوونەوە، وە نا یەڵێ دوژمن دەستی بۆ درێژکا و زیانی پێ بگەیەنێ "[(5)].

زیاترە لەوە کە باسکرا، زۆر بە ڕاشکاوی ڕیسوای و ژێردەستەیی و هەژاریی گەلان دەگێڕیتەوە بۆ درێغی و کەم وکوڕی کردنیان لە ئاست نیشتمان دا، هەر وەك چۆن کە سەربەزی و ئازادی و ئاسودەی و خۆشگوزەرانی گەلان دەگێڕتەوە بۆ دلسۆزی و خزمەتگوازی و فیداکاریان بۆ نیشتمان، وەکو فەرمویەتی " هەر گەلێ لە ڕێی نیشتمانا درێغ و کۆتاییی کردبێ، ڕیسوا و ڕەزیل، زەبوون و دیل بووە، وە هەر گەلێکیش نیشتمانپەرست بوو بێ، وە سەر و ماڵی خۆی بەخت کردبێ لە ڕێی پاسی ژیان و بەرزیی نیشتمانیا، هەمیشە سەرخۆش و دڵ خوش، وە ئازاد و سەربەرز بووە "[(6)] .

**چوارەم . دەستپاکی و سپاردە پارێزی** : شێخ موحەمەدی خاڵ بڕوای وایە کە ڕێگەی سەرەکی و پنچینەی بۆ هێنانەدی داد و

---

(1) ناڵەی دەروون، 193/1.

(2) بگەڕێرەوە بۆ: ناڵەی دەروون، 48/1.

(3) بگەڕێرەوە بۆ: ناڵەی دەروون، 1/ 342.

(4) ناڵەی دەروون، 1/ 53 .

(5) ناڵەی دەروون، 53/1 .

(6) ناڵەی دەروون، 54/1 .

دادوەری کۆمەڵایەتی، بریتی یە لە پابەندبوونی کۆمەڵگایە لە سەر ئاستی تاك و کۆمەڵ بە بنەمای دەستپاکی و سپاردە پارێزی، وە بڕوای وایە کە پێویستە هەموو تاکێکی کۆمەڵگا بیکات بە پەیمان نامەیەکی خودی و ئەمە ناوەرۆکەکەی بێت " دەستپاك ئەبم لە گەڵ خۆم و لە گەڵ مەردووما، دەستپاك ئەبم بەدزی ( نەهێنی ) و ئاشکرا، ئەگەر نزیك بکەومەوە لە نا پاکییەك وا ئەزانم لە گڕی ئاگر نزیك ئەکەمەوە " [1].

مامۆستا شێخ موحەمەدی خاڵ لە دو بابەتدا باسی سپاردە پارێزی دەکات، وە بە لایەوە وایە کە ( ئەمانەت ) واتایەکی گشتی هەیە، هەموو شتێکی باش کە مرۆڤ کەڵکی لێ وەرگرێ ئەمانەتە، ئیتر مادی و بەرجستە بێ، وەك پارە و شت و مەك و زەوی و عەقارات، یان مەعنەوی بێت، وەك پیشە و ئەرك و، عەقڵ زانین و زانیاری، پێویستە لەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵ بی پارێزین، بە تایبەت سەرۆك و کاربە دەستانی دەوڵەت پاراستنی دو جار ئەرکە لە سەریان، جارێك وە هاوڵاتی، جاریکی تر وەك بەرپرس، نەك هەر پاراستن ئەرکیانە، بەڵکو ئەبێ هۆکارەکانی پاراستن وگەشەی بڕەخسێنن [2].

یا وەك فەرمویەتی: " هەرچی پێویستیەکی شەرعی و قانونی و ئینسانی و کۆمەڵایەتی هەیە، هەمووی ئەمانەتی خوان لە ئەستۆماندا، ئەبێ گاداریان بکەین و خیانەتیان تیا نەکەین، وەك قورئان ئەفەرموێ"[3]: ﴿ **يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَخُونُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ وَتَخُونُوا أَمَانَاتِكُمْ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ**﴾ ، الأنفال: 27.

**پێنجەم . یەکسانی هاونیشتیمانیان لە بەردەم بەردەم یاساد و دادگا، بێ جیاوازی**: زۆر بە ڕونی و ڕاشکاوی باسی ئەوە دەکات، کە دەوڵەتان دادگە ( محكمة ) دامەزراند و، دەستور و یاسایان دانا، بۆ هەڵگرتنی زۆر و ستە م و زۆر لە ناو کومەڵگادا، لە پاشا دەسەڵاتی، لە پاشا دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن ( **السلطة التنفيذية** ) یان دامەزران بۆ جێ بەجێ کردنی حوکمی دادگا و یاسا و دەستور [4].

جەخت لەسەر یەکسانی هاونیشتیمانیان لە بەردەم یاسا و دادگادا و سەربەخۆیی دادوەران بێ لایەنیان، فەرمویەتی: " فەمان درا بە دادپرسان ( حاكم ) کە لایەنگیری کەس نەکەن، بە بێ جیاوازی لە ناوەندی دەوڵەمەند و هەژار و ئاغا و خزمەتکار و، وەزیر وگزیر و ئاشنا و خزم و خوێشا " [5].

**شەشەم . دادگەری لە دابەشکردنی سامان و دارایی و موڵکی وڵات**: یەکێکی تر لە پرانسیپەکانی ( مەبدەئەکانی ) هێنانەدی دادگەری کۆمەڵایەتی و چاکسازی دارایی و ڕامالینی گەندەڵی، کە بەڕێز مامۆستا شێخ موحەمەدی خاڵ لە نوسینەکانی دا جەختی لە سەر دەکاتە لە دەیان وسەدان شوێندا، بریتییە لە دادگەری لە دابەشکردنی سامان و دارایی و موڵکی دەوڵەت، بە شێوەیەك کە هەموو تاکەکانی کومەڵگەل مافی خوی بدرێتی، نەك بە یاسا و بۆچونی ( دەوڵەمەند هەر ئەبێت دەوڵەمەند بێ، هەژار هەر ئەبێت هەژار بێ )، بڕوای وایە کە ئەم یاسایە هەڵقولاوی کردار و ڕەوشتی نا دروستی مرۆڤەوە و پەیوەندی بە خواوە نیە، وەکو بڵاوە لە ناو مرۆڤەکاندا.

زۆر بە ڕونی فەرمویەتی : " ئیسلام کە هات ئەم دەستوورە بۆگەنەی ڕووخاند، دەستی کرد بە ڕێخستنەوەی دەوڵەمەند و هەژار لە یەکەوە، بەم ڕەنگە قاسە و عەماری دەوڵەمەندی شکاند، وە بە ناوی زەکاتەوە خەرج و باجی دانا لە سەر پارە و ئاژەڵ و خواردەمەندی و دانەوێڵە کە دەوڵەت بیانستێنێ و خەرجی بکات لە ڕێی بەرزکردنەوەی کۆمەڵە و گەل لە هەموو ڕوویەکی ژیانەوە، چ لەبابەت خانوو بەرەیانەوە، چ لە بابەت خوێندن و خوێندەوارییانەوە، چ لە بابەت تیمار و تەندروستییانەوە، جدگەلەوە دەرگای سوودیشی لێ داخستن، وە ڕێی خوێن مژینی لێ گرتن، وە هەژاری کرد بە هاوبەشی دەوڵەمەند لە داراییەکەیا، وە فەرمووی: ﴿ **وَالَّذِينَ فِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ مَعْلُومٌ** ﴿24﴾ **لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ** ﴾ ، المعارج: 24. "[6].

مامۆستا شێخ موحەمەدی خاڵ ڕونی دیارە کە بڕوای وابووە کە دروستبونی چینایەتی هۆکارە سەرەکیەکەی خراپ دابەشکردنی سامانی وڵاتە، بۆیە پێویستە لە فەرمانڕەوایان و دەسەڵاتی سیاسی پەیڕەوی ڕێبازی دو بارە دابەشکردنەوە سامان و کار ( **مبدأ إعادة التوزيع** ) پەڕەو بکەن، بە ئالیەتی گونجاو و شیاو.

**حەوتەم . جێ بە جێکردنی ڕێبازی ( مەبدەئی) هەستی بەرپرسیەتی و ڕاپەڕاندنی ئەرك** : مامۆستا شێخ محمدی خاڵ بابەتێکی تەرخانکردووە لە بەرگی یەکەمی ناڵەی دەروندا لە ژێر ناونیشانی ( بەرپرسیاری هەموو کەسێك لە کۆمەڵەدا )، تێدا باس لە گرنگی و بەهای هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی و جێ بە جێکردنی ئەرك دەکات، لە دەستپێکی بابەتەکەی دا فەرمویەتی : " پێغەمبەر ( درودی خوای لە سەربێ ) فەرموودەیەکی زۆر گەورە و گرنگ و پیرۆزی هەیە، کە شایستەی ئەوەیە بە ئاوی ئاڵتوون بنوسرێتەوە، وە لە چوار چێوەی زیو بگیرێ، وە لە هەموو ماڵێك، وە لە هەموو دائیرەیەکا هەڵواسرێ، تا هەمیشە لە بەر چاو بێ، وە هەموو کەسێك بە پێی خۆی و مەرکەزی خۆی کەڵکی لێ وەرگرێ"[7].

---

(1) ناڵەی دەروون، 82/1 .

(2) بگەڕێرەوە بۆ: ناڵەی دەروون، 421/2 .

(3) ناڵەی دەروون، 2/ 421 .

(4)بگەڕێرەوە بۆ: ناڵەی دەروون، 193/1 .

(5) ناڵەی دەروون، 193/1 .

(6) ناڵەی دەروون، 193/1

(7) ناڵەی دەروون، 2/ 410 .


SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

فەرموودەکەش، فەرموودەی: « **كُلُّكُمْ رَاعٍ وَمَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ ، فَالإِمَامُ رَاعٍ ، وَهْوَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ ، وَالرَّجُلُ فِى أَهْلِهِ رَاعٍ ، وَهْوَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ ، وَالْمَرْأَةُ فِى بَيْتِ زَوْجِهَا رَاعِيَةٌ وَهْىَ مَسْئُولَةٌ عَنْ رَعِيَّتِهَا ، وَالْخَادِمُ فِى مَالِ سَيِّدِهِ رَاعٍ ، وَهْوَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ** » [(1)]، پێغەمبەرلەم فەرمودەیدا باس هەموو ئاستەکانی بەرپرسیاریەتی دەکات.

وەك شێخ موحەمەدی خاڵ فەرمویەتی یەکەم کەس باس لە بەرپرسیاریەتی پێشەوا و سەرۆکی وڵات دەکات، چونکە بەرپرسیاریەتیەکەی لە هەموو کەسێك گەورە ترە، بە ڕەنگێك کە بە لە ئیستقرار و ئەمن و ئاسایش و بڵاوکردنەوەی هەرزانی و فەرەحی و ئاسان کردنی ڕێی ژیان و دۆزینەوەی ئیش و کار، بۆ بێئیشان و بڵاوکردنەوەی زانین و زانیاری و، ساغی و تەندروستی و نەهێشتنی فەقیری و نەخۆشی نەخوێندەواری و، دوزینەوەی ئەهل (واتە کەسی شیاو) بۆ وەزائیفی حکومەت[(2)].

بە ئاشکرا و بە ڕونی دیارە لە ڕاڤەکردنی ماموستا شێخ موحەمەدی خاڵ بۆ بڕگەکانی فەرمودەکە، کە کۆمەڵگا هەمووی ئەرکی بەرپرسیاریەتی لەسەر شانە، بەتایبەت ئەوانەی کە ئەرکی پاراستنی ماڵ و سامانی کەسانی تریان لە ئەستۆدایە، بە تایبەت تر کاربەدەستان هەر لە سەرۆکی وڵاتەوە تا بچوك ترین فەرمانبەر، پێویستە ئەوەی ئەرکی سەرشانیەتی بیپارێز و خیانەت و ناپاکی لێ نەکات[(3)].

**هەشتەم. پاراستنی کۆمەڵگا لە هەڵسوکەوت و مامڵە دزێوە دارایی و ئابووریەکان :**

کۆمەڵێك هەڵسوکەوت و ڕەفتار و مامڵە دزێوی دارایی و ئابووری هەن، ئیسلام غەدەغەی کردون، لە بەر ئەوە کە ڕاستەخۆ بەشێکن لە گەندەڵی و نا دادی کۆمەڵایەتی، یان نا ڕاستەخۆ دەبنە هوکار بۆ بڵاوبونەوە گەندەڵی و ستەمی کۆمەڵایەتی و دەست درێژین بۆ سەر مافی تاك و گشتی.

شێخ موحەمەدی خاڵ لە نوسراوەکان و وتارەکانیی دا باسی لەو هەلسوکەوت و مامڵە دزێوە دارایی و ئابووریەکان کردووە، بە ئامانجی بنەبڕکردنیان و هێنانی دادوەری کۆمەڵایەتی و چاکسازی دارایی، لەوانە:

1. **سوو ( ربا)** : سوو دوو جۆرە، جۆری یەکەم پێی دەوترێ ( سووی نەسیئە )، ئەوەیە کە کەسێك ئەندازەیەك پارە بدا بە کەسێکی تر بە قەرز بۆ ماوەیەك، مانگێ یا ساڵێ بە ئەندازەیەك لە قازانج، دوهەم جۆر پێی دەوترێ ( سووی فەچل ): بریتی یە لە ئاڵ و گۆڕکردنی جۆرەکانی ئەو شەش خواردنەی کە پێغەمبەر ( دروی خوای لە سەربێ )، فەرمویەتی ئەگەر بە یەکتری ئاڵ و گۆڕکران و زیادە تێکەوت دەبێت بە ( سوو )، وەك دوو کیلۆ گەنم خراپ بە چوار کیلو گەنمی باش.. [(4)].

شێخ موحەمەدی خاڵ لە تەفسیری ئایەتی: فەرمویەتی سوو واتە خوێن مژینی هەژارە لە کاتی تەنگانە و چەڵەمەدا، وە هۆی قەدەغەکردنەکەی دەگێڕێتەوە بۆ ئەوە کە بە هەڵستی مرۆڤ دەکات کار و کاسبی شەرعی و مرۆڤەکان فێری بەلاش و مفتە خۆری و تەمەڵی دەکات، ئەمەش گیانی ئەنانیەت و خۆپەرستی و چاو برسیەتی تیا دروست دەکات، لە جیاتی بەزەیی و مهرەبانی و ڕۆحی هاریکاری دەبێتە مایەی دوژمنایەتی و قین و کینە ورق و دوبەرەکی لە نێوان دەوڵەمەندان و هەژاراندا، بە هۆی کۆبونەوە پارە و سامان لە دەستی چەند کەسێکدا، هەر وەها بە بێ بەشیان دەکات لە سوود و قازانجی ئاڵوگۆڕکردنی شت و مەك، دواجار بێ بەهاکردنی دراو و پارەی وڵات[(5)].

زیاتر لەوەی باسکرا دەفەرموێت لە تەفسیری ئاتەکانی حەرامکردنی سوو، کە سوو لە هەموو ئەو تاوانانەی کە مرۆڤ دەرحەق بە یەکتری دەکەن گەورە ترە، وە ئاشکرا بووە کە جەنگی یەکەم و دوهەم جیهانی هۆکاری ڕودانەکەیان یەدەکی ئابووری جیهانی بووە، کە سەرچاوەکەی سوو بووە [(6)].

2. **دزی** : دزی وەك زانایان دەفەرمون بردنی ماڵ وسامانی کەسانی تر بۆ خۆ، بە شێوەیەکی نەهێنی و لە شوێنی پاراستن و قائیم کردنیانی خۆیا[(7)].

لە ئیسلامدا دزی حەرامە و ئەنجامدەرەکەی لە بارودۆخی ئاسایی دا دەستی دەبڕرێت، بە پێی ئەم ئایتە پیرۆزە : ﴿ **وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ** ﴾ ، المائدە: 38، لە بەر ئەوە دەستی دەبڕرێت، چونکە بۆ بەدەست هێنانی بژێوی ژیانی پشت بە ئامراز و هۆکارێکی نا ڕەوا دەبستێت، ئەمەش پێش هەموو شتێك دەبێتە هۆی بێڕێزی بە بلەپایەی کۆمەڵایەتی خۆی، ئینجا دەستدرێژی کردنە بۆ ماڵ وسامانی کەسانی تر و سامانی گشتی بە ناڕەوا، دواجار گەندەڵی و تێکدان و شێواندنی ئاسایشی وڵاتە.

3. **خەرجکردنی پارەو سامان لەو شتانە حەرامن**: یەکێکی تر لەو بابەتانەی کە شێخ موحەمەدی خاڵ لە بواری دادگەری

---

(1) أخرجه الإمام البخاري في صحيحه، رقم الحديث ( 2751 ).

(2) نالەی دەروون، 2/ 410 .

(3) بگەڕێرەوە بۆ: اڵەی دەروون، 2/ 411.

(4) بگەڕێرەوە بۆ: تەفسیری خاڵ، 435/1.

(5)بگەڕێرەوە بۆ: تەفسیری خاڵ، 1/ 435 – 436 – 437.

(6)بگەڕێرەوە بۆ: تەفسیری خاڵ، 1/ 444 .

(7)بگەڕێرەوە بۆ : بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع، 65/7، الكافي في فقه أهل المدينة، 1080/2.

کۆلایەتی و چاسازی دارییی دا زۆر جەختی لە سەرکردۆتەوە، خەرجکردنی پارەو سامانی تاك و کۆمەڵە، لەو خواردن و خواردنەوە و شت و مەکانەی لە ئیسلامدا حەرامن، کە پارە و سامانێکی لە ئەندازەبەدەری تێد خەرج دەکرێت، لەوانە مەی ( عەرق)ە .

شێخ موحەمەدی خاڵ لە تەفسیری ئایەتی : ﴿ **يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِنْ نَفْعِهِمَا** ﴾ ، سورە البقرە: 219، باس لە زیانە تەندروستی و فیکری هۆشی و دارایی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەمنی عەرەق دەکات، هەروەها ئەنجامدانی جورەها تاوان بە هۆی خواردنەوەیەوە، وە دەربارەی زیانە دارایی و ئابووریەکانی عەرەق دەفەرموێت: " عەرەق خواردنەوە دارایی ناهێڵێ ، نەخوازەڵا لەم رۆژنەدا کە زۆر جۆری لێ پەیدا بووە، وە هەمووشیان گران، خۆ ئەگەر لە گەڵ عەرەقدا ژنی جوانیش ببـێ، ئەوە ئیتر مایەی نەمانی سەر وماڵە "[1].

زیاتر لەوە دەفەرمێت عەرەق و شەراب ناو براوە بە (دایکی تاوانەکان: أم الخبائپ )، بۆیە داوێنپیسی و عەرەق خواردنەە کەوتە ناو هەر گەلێکەوە، ئیتر ئەوە سەرەتای لە ناو چوونیەتی[2].

4. بەرتیل یان ڕیشوە: برتی یە لە بڕێك پارەیەك کە دەدرێت بە کاربەدەستێك، بە مەبەستی کردنی ناحەقیەك بە حەق و، یان کردن حەقێك بە ناحەق[3].

مامۆستا شێخ موحەمەدی خاڵ لە تەفسیری ئایەتی: ﴿ **وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ وَتُدْلُوا بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ لِتَأْكُلُوا فَرِيقًا مِنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالْإِثْمِ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ** ﴾ ، سورە البقرە: 188، بەڕاشکاوی بەرتیل دان لە لای کارێکی ناڕەوا و خواردنی ماڵی کەسانی ترە، وە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەبێ مروڤەکان بە کەسب و کار و کۆششی خۆی بژین، لە ڕێگایەکی شەرعیەوە، کە زیان بە کەس نەگەیەنێ، نەك ماڵ پەیدا بکات بە فڕوفێڵ و بەرتیل دان بە فەرمانبەران [4] .

5. **غەش وفێڵ** : یەکێکی تر لەو کردار و هەڵسوکەوتانەی دەبێت بە خۆرە بۆ بە هەدەردان و لە دەست چوونی پارە و سامانی وڵات" غەش و فڕ وفێڵە، بە هەموو جۆرەکانیەوە، لەوانە: فێڵکردن تراز و بازی و پێوانەدا، تێکەڵ کردنی جۆری باش بە جۆری خراپ، شت و مەکی ماوە بەسەر چوو، فێلکردن لە جۆری مارکە... .

مامۆستا شێخ موحەمەدی خاڵ لە باسی ترازو و بازی کە جۆریکە لەخواردنی ماڵی کەسانی تر، لە تەفسیری ئایەتی : ﴿ **وَيْلٌ لِلْمُطَفِّفِينَ ........**﴾ دا دەفەرموێت: " یەکێك ترازوو بازی ئەکات کە بڕوای بە ڕۆژی زیندوونەوە و لێپرسینەوە، ئەگینا هەر کەسێك چ جای بڕوا ( یەقینی )، بەڵکو هەر گومانێکیشی ببێ بەو ڕۆژە، دزی ناکات لە مردووم لە پێوانە و کێشانەدا.

لە جێیەك ئەمە تولەی ترازو بازان بێ،...ئەبێ تۆڵەی ئەو کەسانە چۆن بێ کە بە زۆر و ستەم ماڵی مەردووم داگیر ئەکەن، وە بە سەر و بەرەوە ئەیخۆن "[5]

6. **قۆرخکاری** : کە بریتییە لە کۆکردنەوە خواردەمەنی و شت و مەکی پێویست و هەڵگرتنی لە کۆگا و شوێنی تایبەت، تا بەها و نرخەکەی گران و دوقات و چەند قات دەبێت، دوایی فروشتنی بە نرخ و بایەکی بەرز کە دەبێتە بارگرانی و شێواندنی بازاڕ و ناجێگیری ئابووری.

ئەم جۆرە لە بە دەستهێنانی پارە و سامان کە جۆرێکە لە گەندەڵی دارایی حەرامە، وە شێخ موحەمەدی خاڵ لە جەندها شوێندا باسی لە دژێوی و خراپی قۆرخکاری دەکات، زۆر بەڕاشکاوی باسی ئەوەی کردووە کە ئیسلام، دەستووری چینایەتی سوو و دەست بەسەراگرتن ( احتكار ) ی هەڵگرت، چونکە بەلایەوە یەکێکە لە بنەماو بنجینەکانی چینایەتی و دابەشکردنی کۆمەڵگا بەسەر دوو بەشدا، هەژار و دەوڵەمەندا [6].

7. **ئیسراف و دەست بڵاوی** : مامۆستا شێخ موحەمەدی خال، ئیسراف و دەست بڵاوی بە یەکێك لە فاکتەر و هۆکارەکانی گەندەڵی و بە فیرۆدانی سامان و دارایی تاك و کۆمەڵ و وڵات دادنێت، لە بابەتێکدا لە ژێر ناونیشانی ( مەشکەڕەش ) ئەفەرموێت : " ئەتوانم بڵێم زۆر کەس وا دەزانێت کە ئەبێ بژی بۆ ئەوەی بخوات، نەك بخوات بۆ ئەوەی بژی "[7]، لە کوتایی بابەتەکەدا دەفەرموێت " لە خۆرایی نیە کە قورئان ئەفەرمووێ : ﴿ **وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ** ﴾ ، الأعراف: 31 .

**ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەی توێژینەوەکە**

ئەم باسە پەردە لادەدات لە سەر هەوڵ و تێکوشانی مامۆستا شێخ محمدی خاڵ لە بواری دادوەری کۆمەڵایەتی و چاکسازی

---

(1)تەفسیری خاڵ، 1/320-321-322 .

(2)بگەڕێرەوە بۆ : تەفسیری خاڵ ، 1/ 322 –323 .

(3) التيسير بشرح الجامع الصغير، 2/55.

(4) بگەڕێرەوە بۆ: تەفسیری خاڵ ، 1/275 .

(5) بگەڕێرەوە بۆ: تەفسیری خاڵ ، 2/526 .

(6)بگەڕێرەوە بۆ: ناڵەی دەروون، 1/ 254 .

(7) بگەڕێرەوە بۆ: ناڵەی دەروون، 1/71 .

دارییی، کە دەگەمەند زانایانی ئایین و رۆشنبیران لەو سەردەمەدا خۆیان داوە لە قەرەی.

**یەکەم. بەنجامی توێژینەوە:**

1. ئەم باسە دەری دەخات کە مامۆستا شێخ محمدی خاڵ توانیویەتی چەمکی فیکری ڕیفۆرمی ئیسلامی و زانستی نوێی َگرێبدا بەیەکەوە و بەکاریان بهێنێ بۆ چارەسەری ئەو کێشەوە گرفتانەی کە گەلەکەی بەرەوڕووی بۆتەوە.

2. ئەم باسە ڕوونی کردەوە کە هێنانەی داد و چاکسازی دارایی لای مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ بنەما و ئامرازی خۆی هەیە، لە بنەما و ئامرازانە : پابەندبوون بە بیرو باوەڕی ئیسلامی، بوونی دەستور و یاسا، پەروەردەکردنی کۆمەڵگا لە سەر ڕەوشت و بەهابالاکان... .

**دووهەم. پێشنیارەکان:**

1. پێشنیار دەکەین بۆ کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان کە سەنتەرێکی لێکۆڵینەوە دابمەزرێنن، کە ئەرکی کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە بەرهەمی زانایان وبیرمەندانی کورد بگرێتە ئەستۆی خۆی.
2. زانایانمان کێشەو گرفت و نەریتی سەلبی کۆمەڵگاکەیان زۆر بە دانایی و هۆشیاریەوە، باس کردووە و چارەسەریان بۆ داناوە؛ بۆیە واقیع و لێکۆڵینەوەکانیان ئەوان، ئەوە پێویست دەکەن لە سەر کاربەدەست و لێپرساوانی وڵات کە ڕێگە بگرن لە دووبارە بوونەوەیان، لە ژێر ڕۆشنایی چارەسەری دروست و ڕاستی ئەوان بۆ کەم و کوڕی گەلەکەمان لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا.

**سێهەم. ڕاسپاردە :** شوناسنامەی هەر نەتەوەیەك، ئاشکرایە بریتییە لە ئایین و کلتوری نەتەوەیی، نووسینەکانی مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ، پارێزەری هەر دوو شوناسەکەن، بۆیە خوازیارین کە هەموو خوێندەوارێکی گەلەکەمان گەنجینەکانی پڕ لە زانیاری شێخی خاڵ، دەربارەی گشت کایەکانی ژیان،ـ واتە بەرهەمەکانی ـ بخوێنێتەوە.

**المصادر والمراجع**


- القرآن الكريم.

1.بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع، أبو بكر بن مسعود بن أحمد الكاساني (تـ: 587هـ)، دار الكتب العلمية، ط2، 1986م .
2. الموسوعة الميسرة في الأديان والمذاهب والأحزاب المعاصرة، د. مانع بن حماد الجهني، دار الندوة العلمية – الرياض، ط5، 2003 م.
3. محاورات المصلح و المقلد والوحدة الإسلامية، الإمام محمد رشيد رضا، دار النشر للجامعات- مصر، 2007 م.
4. الملامح العامة للفكر السياسي الإسلامي في التاريخ المعاصر، طارق البشري، مفكرون، ط1، 2019 م.
5. الدولة العثمانية ــ عوامل النهوض والسقوط، د. علي محمد الصلابي، دار المعرفةــ بيروت-لبنان، ط3، 2006 م.
6. الكافي في فقه أهل المدينة، أبو عمر يوسف بن عبد الله بن محمد بن عبد البر (تـ: 463هـ) ، تحقيق: محمد محمد الموريتاني، مكتبة الرياض الحديثةــ الرياض، ط1980،3م .
7. المستدرك على الصحيحين، أبو عبد الله الحاكم محمد بن عبد الله ، النيسابوري المعروف ( تـ: 405هـ)، تحقيق: مصطفى عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية – بيروت، ط1، 1990 م .
8. سنن أبي داود، أبو داود سليمان بن الأشعث، السجستاني ( تـ: 275هـ)، المحقق: محمد محيي الدين عبد الحميد، المكتبة العصرية، صيدا – بيروت.
9.المعجم الأوسط، سليمان بن أحمد بن أيوب، الطبراني ( تـ: 360هـ)، المحقق: طارق بن عوض الله بن محمد، عبد المحسن بن إبراهيم الحسيني، دار الحرمين – القاهرة.
10. صحيح البخاري، محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري ،ط3، دار ابن كثير، اليمامة – بيروت، ط3 ، 1987 م .
11. إعلام الموقعين عن رب العالمين، محمد بن أبي بكر بن أيوب، المعروف بابن قيم الجوزية ( تـ : 751هـ)، المحقق : طه عبد الرؤوف سعد، مكتبة الكليات الأزهرية-ــ مصر، القاهره، 1968 م.
12. تفسير المنار ، **محمد رشيد بن علي رضا ( تـ: 1354هـ) ، الهيئة المصرية العامة للكتاب، 1990م .**
13. أصول النظام الاجتماعي في الإسلام، الشيخ محمد الطاهر بن عاشور، دار السلامــ القاهرة، دار سحنون، ط1، 2006م.
14. التيسير بشرح الجامع الصغير، عبد الرؤوف بن تاج العارفين بن علي بن زين العابدين، المناوي ( تـ: 1031هـ) ، مكتبة الإمام الشافعي – الرياض، ط3، 1988 م.
15. نالەی دەروون، شیخ موحە مەدی خاڵ، ناوەندی هزریی و ڕۆشنبیری خاڵ، چ1، 2021 م
16. تەفسیری خاڵ، شێخ موحەمەدی خاڵ، ناوەندی هزریی و ڕۆشنبیری خاڵ، چ1، 2021 م .
17. مامۆستا شێخ موحەمەدی خاڵ لە کۆمەڵە دیداریکی ڕۆژنامەنوسیدا، د. ئاراس موحەمەدصالح، سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی، چابخانەی سەردەم، چ1، 2015 م .
18. پوختەیەك لە ژیانامەی قازی و زانای گەورە شێخ موەومەدی خاڵ، هەردی صابر، چ1، 2018 .
19. گۆڤاری ڕۆڤار، ژ (29 ) ساڵی 2004، دەزگا وچاپ و پەخشی سەردەم .
20. لاپەڕەکانی فەرمانڕەوایەتی عێراق، عبدول قادر صالح، چاپەمەنی پەیف، چ1، 2009 م.

**Social justice and financial reform in the view of Sheikh Muhammad Al-khal**

Sheikh Muhammad Al-khal as a scholar, expert in Islamic sharia, active judge and also as a leader and lover of the reform school which led by the leaders Muhammad Abdo and Sheikh Muhammad Rashid Rida in Egypt. In their book, they talked about the problems, issues and challenges that face socialites in general and Kurdish society as a part of Islamic community in particular.

One of the scary and destructive problems that face humanities in the past and now is lack of social justice and existence of financial corruption which its consequences and impacts spread in the society and led to destroy the entity of society in all its aspects.

Sheikh Muhammad Al-khal is one of the unique Kurdish scholars who felt the danger of corruption and social injustices therefore in his books, writings and articles and statements, he talked about the ethics, value of social justice and also mentioned the causes of financial corruption and its consequences on individual and community. He also tries to identify the ways of promoting justice.

In addition to that he identified the methods of reform, controlling and opposing and fighting financial corruption.

The researcher would like to shed the light on role of one of the great Kurdish scholars- Sheikh Muhammad Al-khal- in the field of social justice and fighting financial corruption as an Arabic saying says: spread like wildfi